# "دەستوور"م واهی خوێندەوە!



## هاوڕێ باخەوان
## 2009

ئەو رۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە, وازم لە هەموو شتێك هێنا و کەوتمە خوێندنەوەی.

جارێکم خوێندەوە, هەر لە تەواوبوونی پێشەکییەکەیەوە کۆمەڵێك تێبینیی زۆرم لا دروستبوون. جارێکی تریشم خوێندەوە. ئەمجارەیان تێبینییەکانم زۆر زۆرتر بوون. هەربۆیە بڕیارمدا لە جاری سێیەمدا مادە بە مادە, بڕگە بڕگە و ئەگەر پێویستیش بکات دەستەواژە بە دەستەواژە و وشە بە وشەی پەراوێزنووس بکەم و هەرچییەکم هەیە دەربارەی هەڵەی لۆجیکی, یاسایی و زمانەوانی و رێنووس و تەنانەت هەڵەی چاپ! کە نابێت لە تێکستی یاساییدا ببێت, بخەمەروو.

لابەلاش هەندێك بەرتەکی باش و خراپم لەسەر دەستوور دەبینی. من ناتوانم دوو هێڵی راست و چەپ بەسەر ئەم دەستوورەدا بهێنم بڵێم هەمووی خراپە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت و چڕی بکەمەوە:

- پێشەکییەکی تا بڵێی بێهێزی هەیە, تەنانەت رەچاوی زنجیرەییی رووداوە مێژووییەکانیش نەکراوە. لەو پێشەکییەدا کورد بە لاواز پیشانداوە و هەندێك هەستی پاڕانەوەشی تێدایە.
- هەر لە خوێندنەوەی پێشەکییەکەیەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە زمانی نووسینەکەی لە خراپ, خراپترە! زۆر کات هەستێکی وات لا دروست دەبێت کە کورد نەینووسیبێتەوە!. هەڵبەت بەڵگە نەویستە کە دەستوورەکە لە پێشدا بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە و پاشان بە کوردییەکی داشکاو وەرگێڕدراوە. هەربۆیە نزیکەی ٪90ی رەخنە و

سەرنجەکانی من لە بارەی زمانەوانی و ڕێنووسەکەیین و ئەو ٪10ی تریشی ڕەخنە و تێبینیی یاسایی و لۆجیکین. زمانی نووسینەکەی یان ڕاستتر وایە بڵێم وەرگێڕانەکەی ئەوەندە خراپە، کە بە ئاستەم بتوانیت هەندێك بڕگەی بەتەواوەتی لێکبدەیتەوە. چ جای لێکدانەوەی یاسایی کە زمان ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەبینێت. پێتان سەیر نەبێت کە نیشانەیەکی کۆما لە ڕستەیەکدا بەتەواوەتی واتای مادەی یاسایەك دەگۆڕێت!.

- دەستوورەکە زۆر دوور و درێژە و لە زۆر شوێندا دووبارەی ناپێویستی تێدایە.
- هەندێکجار لە نێوان خودی بڕگەکانی یەك مادەدا بەرپەرچی یەکتریی تێدایە.
- دەستووری کوردستان دەبووایە بەشێوەیەکی زۆر باشتر چارەسەری ڕوونی ناوچە دابڕاوەکانی بکردایە. ئەوەی لەم دەستوورەدا دەربارەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان هاتووە، زۆرتر ئاڵۆزکردنی ئەو ڕەوشەیە. چونکە یەکەم سنووری باشووری کوردستانی بەتەواوەتی دیارینەکردووە. دووەم پاشەڕۆژی ئەو ناوچانەی داوەتە دەست مادەی ئێکسپایەربووی 140ی دەستووری ئێڕاقی.
- ئایینی ئیسلامی کردووەتە سەرچاوەیەکی نەگۆڕی یاسادانان. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر حکومەتی هەرێم باوەڕی بە پرنسیپەکانی دیموکراسی هەبێت. لە زۆر شوێندا ئەوەندە باسی ئایین و ئایینزا کراوە، هەستدەکەیت دەستووری وڵاتێکی ئیسلامیی کۆنسێرڤاتیڤ دەخوێنیتەوە.



- ڕەوشی ژنان بەباشی لەم دەستوورەدا دیارینەکراوە و هیچ باسێکی ئەو ژنکوژی و کوژرانی ئەو هەزاران ژنەی دوای ڕاپەڕین نەکراوە.
- دەستوورەکە دەبووایە سنوورێکی بۆ مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی پارتی و یەکێتی دابنایە کە خەریکی سوڵحی عەشایەرین. ئەم سوڵحی عەشایەرییە بریتییە لە شکاندنی یاسا. دەستوورەکە دەبووایە ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتییانەی قەدەغە بکردایە.
- پەیوەندیی حکومەتی هەرێم بە حکومەتی ناوەندیی بەغداوە دەبێت باشتر چارەسەر بکرێت لە دەستوورەکەدا. لە هەندێك شوێندا هەروەکوو لە پەراوێزەکاندا ئاماژەم پێی کردووە، حکومەتی هەرێم زەلیلە بەدەست دەستوور و حوکمە حەسرییەکانی دەستووری ئێڕاقییەوە.
- دەستەڵاتی سەرۆك یان پادشا لە حکومەتێکی پەرلەمانیدا، دەستەڵاتێکی زۆرتر تەشریفاتییە. بەڵام ئەو دەستەڵاتە زۆرانەی کە بە سەرۆکی هەرێم دراوە وای لە حکومەتی هەرێم کردووە، ببێتە حکومەتێکی ناوەندیی دیکتاتۆری. لە هەندێك شوێنی تردا سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی بەتەواوەتی تێکەڵکراوە، ئەمە وایکردووە نەتوانی پێناسەیەکی تەواو و ڕوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستوورەکەوە هەڵبهێنجیت، ئایا سیستمێکی پەرلەمانییە یان سەرۆکایەتی!.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئێڕاق بیانەوێت و نەیانەوێت، کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان مافیان لەسەر ئەو بەشەی باشووری کوردستان هەیە. دەبووایە بەلایەنی کەمەوە مادەیەك لە دەستوورەکەدا پەیوەست بووایە بە مافەکانی کوردی بەشەکانی تر لە دەستوورەکەدا.

- دەبووایە بەڕاشکاوی باس لە دژایەتییکردنی هەر رێکەوتننامەیەکی دەوڵەتی ئێراق بکرایە کە دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بێت لە بەشەکانی تری کوردستاندا.
- دەستوورەکە هەوڵی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتیی بدایە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی.
- دەستوورەکە هەوڵی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتیی بدایە بۆ ئەوانەی بەشداریی هێرشەکانی ئەنفالیان کردووە.
- دەببوایە لە مادەیەکدا باس لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بکرایە, ئەگەر زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە راپرسییەکدا دەنگیان بۆیدا.

پاش خوێندنەوەکانم بۆ دەستوور, بۆمدەرکەوت کە لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور, کە من نە دەزانم کێن و نە دەشزانم چەند کەس بوون, شارەزاییەکی تەواو و پێویستیان لە دەستوور و دەستوورنووسیدا نەبووە. لیژنەکە دەبووایە بەلایەنی کەمەوە لە دوو مێژوونووس یان مێژووزانی تێدا بووایە. بەڵام تێیدا نەبووە. پێشەکییەکەی دەستوور ئەو راستییە دەسەلمێنێت. لیژنەکە دەبووایە بەلایەنی کەمەوە دوو پسپۆڕی جوگرافیای تێدا بووایە بۆ نیشانەکردنی سنووری کوردستان. بەڵام ئەوەشی تێدا نەبووە. لیژنەکە دەبووایە بەلایەنی کەمەوە دوو زمانزان و دوو رێنووسزانی تێدا بووایە, بەڵام ئەوانەی دەستووریان نووسیوەتەوە یان وەرگێڕاوە, فڕیان بەسەر سەرەتاکانی زمانی کوردییەوە نییە و بەشێوەی عەرەبی داڕێژراوە. هەروەها لیژنەکە دەبووایە چەند



پسپۆڕێکی لەسەر مافی ئافرەت و مافە کۆمەڵایەتییەکانی تری لەخۆ بگرتایە, بەڵام ئەوەی دەبینرێت وا نییە.

هەرچۆنێك بێت ئەو وڵاتەی ئێمە پێویستیی بە دەستوورە, دەستووریش تێکستە ئایینییەکان نییە و مرۆڤ بۆ خۆشگوزەرانیی خۆی و بەدەستهێنانی مافەکانی دەتوانێت گۆڕانکاریی تێدابکات. ئەو هەزار و ئەوەندە تێبینییەی منیش وەك مافناسێك و چاودێرێکی رەوشی کوردستان لە هەمان بیرۆکەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەو پەراوێزانەی پەیوەندیی بە یاساوانی و لۆجیکی دەستوورەکەوە هەیە, هێڵی بەژێردا هێنراوە. ئەوانی تریان هەڵەی زمانەوانی و رێنووسین.

بەهیوای بەدیهێنانی دەستوورێکی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان, تاوەکو ئەو دەستوورە ببێتە ناوکی دەستووری کوردستانی ئازاد.

فەرموون لەگەڵ دەستوورەکە و پەراوێزەکانی من...

جولایی 2009

لاهای – هۆڵندا

پەرلەمانی[1] کوردستان–عیراق

پرۆژەی[2] دەستووری

هەرێمی کوردستان–عیراق

ئامادەکردنی

لیژنەی پێداچوونەوەی

پرۆژەی[3] دەستووری هەرێمی کوردستان–عیراق

2009/6/22

1 پەڕلەمانی

2 پڕۆژەی

3 لەم لاپەڕەیەدا بە دوو جۆری جیاواز ئەم وشەیە نووسراوە, ئەگەر لەگەڵ پەراوێزەکاندا بەردەوام ببیت, دەبینیت تەنانەت وشەیەکی دیاریکراو تەنانەت لە یەك دێڕدا بە دوو ڕێنووسی جیاواز نووسراوە ! .



بەناوی خوای بەخشندە و دلۆڤان

## پێشەکی

ئێمە، گەلی کوردستان_عیراق[4]، لە هەستکردنمانەوە بە دژواریی سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان لە ئەنجامدانی زوڵم و زۆرو ستەمی لەڕادەبەدەر، و[5] بێبەشکردنمان لەو مافە ئازادی و یەکسانی و

4 هەموو نەتەوەیەك ناوی تایبەتیی بۆ وڵاتان و شوێنانی دی هەیە. وشەی عیراق, ئەوەیە کە عەرەب بەکاریدێنێت. بەڵام کورد هەرگیز ناڵێت عیراق, بەڵکو دەڵێت عێڕاق یان ئێڕاق کە من ئەمەی دووایانم زۆر پێ ڕاسترە. هیچ پێویستیش نییە کە لە هەر شوێنێك ناوی گەلی کوردستان یان کوردستان برا, یەکسەر بە داشێکەوە وشەی عیراقی پێوەبنرێت. لە نووسینی داشەکەشدا کۆنسینتنسی نەکراوە و هەندێکجار داشە و هەندێکجاریش ئەندەرسکۆرە.

5 نیشانەی وێرگووڵ یان ئەوەی کە بە زۆربەی زمانە ئەورووپییەکان پێی دەگووترێت کۆما, واتای پشوویەکی کەم دەگەیەنێت و لە کاتی خوێندنەوەدا پێویستە هەڵوێستەیەك بکرێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە لێرەدا لە دوای کۆماکەوە پیتی یان وشەی "و" هاتووە کە لە کوردیدا دەکرێت وەك وشەیەکی بەرابەری وەك لەگەڵ ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت. ئەم پیتی "و"ە لێرەدا بۆ بەردەوامی و پێکەوەبەستنی دەستەواژەکانی دوواوەیەتی, ئیدی بەهەموو پێوەرێك دەبێت یەکێکیان لابرێت و نابێت لە دوای وێرگووڵەوە پیتی "و" بەتەنیا بکرێتە ئامرازی پەیوەستی دەستەواژەکەی دواییی ! .

دادپەروەریە[6]ی خوا بە ئادەمیزادی بەخشیوون وچەندین تاوانی دژە مرۆڤ و هەڵمەتی جینۆسایدو[7] پاکتاوی نەتەوەییان[8] لە دژمان ئەنجامدا، کە مێژوو بە دەگمەن وێنەیانی بینیوە، و[9]خۆیان بینیەوە[10] لە خاپوورکردنی سەرلەبەری پتر لە چوارهەزارو پێنج سەد[11] گوند وگۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای بەشێکی

6 دادپەروەرییەی

7 جینۆساید و

8 زۆرجاران لە رێنووسی کوردیی سکریپتی ئارامیدا, بەهەڵە پیتی "ی" دەنووسرێت. زۆرجار دەبێت دووجار پیتی "ی" بنووسرێت و هەندێکجاریش سێجار ئەم پیتە دەبێت بەسەریەکەوە بنووسرێت. وشەی نەتەوەییان لێرەدا بەهەڵە رێنووسکراوە و دەبێت سێ پیتی "ی"ی تێدابێت واتە "نەتەوەیییان". دوو "ی"ی یەکەم, وشەی نەتەوەیی دەکاتە سیفە و "ی"ی کۆتاییش ئاماژەیە بۆ ئەو نەتەوەیەی کە پاکتاوی نەژادیی بەرامبەرکراوە کە لێرەدا کوردە. لە دەستوورەکەدا نەك تیپی "ی"ی سێیەم گرنگیی پێنەدراوە, بەڵکو هی دووەمیش لە زۆر شوێندا پەڕێنراوە و هیچ گوێی پێنەدراوە!.

9 ئەم "و"ە لێرەدا زیادەیە.

10 بینییەوە

11 ئەگەر چوارهەزار بەسەریەکەوە بنووسرێت! ئەی بۆچی پێنجسەدیش بەسەریەکەوە نەنووسرێت. یان دەبێت هەردووکیان جوودابن یان بەسەریکەوە. نەك یەکیان پێکەوە و ئەوی دییان جوودا.



فراوان لە کوردستان–عیراق لە رێگەی بەزۆر–[12]کۆچپێکردنی دانیشتوانی، یان ناچارکردنیان بۆ گۆڕینی نەتەوەیان وبەکارهێنانی[13] چەکی کیمیاویو[14] چەکە قەدەغەکراوەکانی تری نێونەتەوەیی لە دژ دانیشتوانی سڤیلی شاری هەلەبجەی[15] شەهیدو[16] بالیسان وگەرمیان وبادینان وچەندین ناوچەی فراوانی ترو[17] بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی لە نێو گێلگەکانی[18] تاقیکردنەوەی کیمیاوی وگۆڕی[19] بەکۆمەڵ بەرەو مەرگ راپێچکردن[20]، ئەوەی مانەوەش[21]

12 کۆچپێکردن هەردەبێت بەزۆر بێت. پیتی "پ" لەم وشەیەدا نیشانەیە بۆ ئەوەی کە کۆچکردنەکە بەخواهیشت نییە و بەزۆرە. دەکرێت پێشگری زۆری بخرێتەسەر, بەڵام ئەوەی بەتەواوەتی برگەکەی تێکداوە ئەو داشەی نێوان بەزۆر و کۆچپێکردنییەتی کە هیچ پێویست نییە!. ئەمە ئەو واتایە دەدات بەدەستەوە کە کۆچپێکردنەکە بە زۆر و بە خواهیشت بووە!.

13 نەتەوەیان و بەکارهێنانی

14 کیمیاوی و

15 هەڵەبجە

16 شەهید و

17 تر و

18 کێڵگەکانی

19 و گۆڕی

20 راپێچکردن

21 بگووترێت ئەوانەشی مانەوە باشترە!.

خیزانەکانیان ناچارکران کۆچبکەن بۆ دەرەوەی عێراق و وڵاتنامەی عیراقیان لێ سەندنەوە وبەدوایەوە چەندین هەڵمەتی بە کۆمەڵ–قڕکردنیان ئەنجامدا کە پتر لە هەشت هەزار بارزانی گرتەوەو[22] پرۆسەکانی لەناوبردنی بەدواداهێنا، کە بە ئەنفال ناونران و قوربانی پتر لە هەشتاو دوو هەزار[23] مرۆڤی لێکەوتەوە.

لە ڕێزگرتنمانەوە بۆ سەرکردەو[24] هێماکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و خەباتگێڕ و پێشمەرگە تێکۆشەرە شەهیدە مێرخاسەکانی و ئەو قوربانیانەی[25] داویانە لە پێناو ئازادیمان و پاراستنی ڕووەت و نیشتمانمان و داننان بە مافی دەستنیشانکردنی چارەنووسمان بە ویستی پڕبەدڵ و ئازادانەمان، لە دڵسۆزیمانەوە بۆ ئەو پەیام و ئامانج و بەهایانەی کە گیانی خۆیان لە پێناودا بەختکرد، بۆ هێنانەکایەوەی کۆمەڵگایەکی کوردستانی،

---

22 گرتەوە و

23 لێرەدا نووسراوە هەشتاو دوو هەزار. جاری ئەمە ڕێنووسەکەی هەڵەیە و باشترە بنووسرێت هەشتاودووهەزار یان هەشتاودوو هەزار. هەڵەکەشی لەوەدایە کە هەشتاودوو هەزار نییە بەڵکو سەدوهەشتاودوو هەزارە ! . ئەگەرچی ئەم ژمارەیەی قوربانییانی ئەنفال تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی نەزانراوە. باشترە کە ژمارەی قوربانییانی ئەنفال بەکاردەهێنرێت, بنووسرێت "نزیکەی" ئەوەندە قوربانی.

24 سەرکردە و

25 قوربانییانەی



شارستانی، کە شانازی بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانەوە[26] بکات و گیانی برایەتی و لێبووردەیی باڵ بەسەر هەمووان دابکێشێ[27] و هێزو توانای ڕۆلەکانی[28] کوردستان بخاتە کار، لە پێناو بنیاتنانی[29] کوردستانێك کە نیشتمانێکی یەکگرتوو بێت بۆ هەمووان و لەسەر بنەمای بەها دیموکرتیەکان[30] دامەزرابێ[31] و کاربکات لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی مافی مرۆڤـ و یاسا تیایدا سەروەربێ و بۆ گەیشتن بە فەرمانڕەواییەکی ژیر، کە لە ویستی ئازادانەمانەوە هەڵقولابێ[32] و بەرجەستەی ئاواتەکانمان بکات و بە ئەمەك بێ[33] بۆ قوربانیەکانمان، ویست و ئارەزوومان[34] لەگەڵ ویستی پێکهاتە نەتەوەییەکانی

---

26 ئایینییەکانەوە

لە زۆر شوێنی دەستوورەکەدا بە هەق و ناهەق ئایین تێکەڵی زۆر شوێن کراوە کە بەهیچ جۆرێك پێویست نییە.

27 دابکێشێت

28 ڕۆڵەکانی

29 دروستکردنی یان دروستکردنەوەی

30 دیموکراتییەکان

31 دامەزرابێت

32 هەڵقوڵابێت

33 بێت

34 ئەمە درۆیەکی گەورە و شاخدارە بەدەم ئێمەوە کراوە لە پێشەکیی ئەم دەستوورەدا. ئێمە هەرگیز ویست و ئارەزوومان لەگەڵ ویستی پێکهاتە

تری عێراق و هێزە نیشتمانیەکانیدا[35] بەیەك گەیشتن بۆ ئەوەی کوردستان_عیراق هەرێمێکی فیدراڵی بێ لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ویستە و بە دیهێنانی[36] ئەم ئامانجە، ئەم دەستوورەمان دانا.

---

نەتەوەییەکانی تری ئێڕاقدا نەبووە و نەمانویستووە بەخواهیشتی خۆمان هەرێمی کوردستان ببێتە هەرێمێکی فیدڕاڵی لەناو چوارچێوەی ئێڕاقدا. بەڵکو ڕاستینەیەکی تاڵە و سەپاندوویانە بەسەرمانەوە. بەدی زۆرتر لە ٪90 خەڵکی لە ریفراندۆمدا دەنگی نەدا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان. ئیدی ئەم درۆیە بۆ دەخەنە ئەم دەستوورە و دەیکەن بەماڵیش بەسەر من و تۆوە!.

35 نیشتمانییەکانیدا

ئەگەر ئەو هێزانەی ئەم دەستوورە باسیان لێوەدەکات و ئێمە بەخواهیشتی خۆمان یەکمانگرتووە لەگەڵیاندا, نیشتمانی بوونایە, ئێمە ئێستا هیچ کێشەیەکی وەك کێشەی ناوچە دابڕاوەکانمان نەدەبوو و بوونی مادەی 140یش لە دەستووری هەمیشەیی ئێڕاقدا هیچ واتایەکی نەدەبوو. ئەو هێزانە نیشتمانی نین و لەم دەستوورەدا بەهەڵە پێناسەیان کراوە. باشتر وایە بگووترێت هێزە ئێڕاقییەکان.

36 ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پێکەوەنانی باشووری کوردستان بێت بە ئێڕاقی عەرەبییەوە, ئەوا نەبوونی زۆر باشترە. لەو وردەکارییانەوە بزانن کە پێشەکیی دەستوورەکە نەك هەر هەڵەی زۆری تێدایە بەڵکو ترسناکیشە.



دەروازەی[37] یەکەم

بنەما سەرەکیەکان[38]

ماددەی (1)

کوردستان–عیراق هەرێمێکە لە نێو دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا[39]، سیستەمە[40] سیاسیەکەی[41] پەرلەمانی[42]، کۆماری و دیموکراتیەو[43] پشت بە فرەلایەنیی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و

---

37 وشەی دەروازە بۆ پۆلێنکردنی دەستوورەکە, وشەیەکی وەرگێڕدراوی "باب"ی عەرەبییە. ئەگەر لە جیاتی دەروازە "بەش" بەکاربهێنرایە زۆر جوانتر بوو.

38 سەرەکییەکان

39 دەبووایە پێش هەر شتێك پێناسەیەکی "ئێڕاقی فیدڕاڵ" بکرایە! تاوەکو خوێنەر بەتەواوەتی بزانێت فیدڕاڵ چییە و ئێڕاقی فیدڕاڵ چییە؟!.

40 سیستمە

41 سیاسییەکەی

42 پەڕلەمانی

43 دیموکراتییە و

دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەلاَت لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەوریەوە[44] دەبەستێ[45].

ماددەی (2)

یەکەم: کوردستانی عیراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە، پێکدێت[46] لە پارێزگای دهۆك بە سنووری کارگێڕی[47] ئێستایەوەی ولە[48] پارێزگاکانی کەرکوك وسلێمانی وهەولێر وقەزاکانی[49] ئاکرێ وشێخان وسنجارو و تلکێف

44 دەورییەوە – دەوری وشەیەکی عەرەبییە.

45 دەبەستێت

46 وشەی پێکدێت دەبێت بچێتە کۆتایی رستەکەوە

47 کارگێڕیی

48 و لە

49 کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و شارۆچکەکانی. لە راستیدا سەرباری ئەوەی پیتی "و"ەکان بە پێش یان پاشی وشەکانەوە نووسراوە, ریزبەندکردن و پێکەوەبەستنی چەند وشەیەك لە زمانە ئەورووپییەکاندا بەوشێوەیە نابێت. بەڵکو دەبێت وێرگوولێ لە نێوانیاندا بێت و ئەوەی پێش کۆتاییان بە پیتی "و" بلکێنرێت بەوەی کۆتاییەوە. بەلاَم لە هەموو دەستوورەکەدا بەو شێوە هەڵەیە ریزبەندییەکان کراوە. نموونەیەکی دروستی ریزبەندی بەمشێوەیەیە: یەك, دوو, سێ و چوار. نەك یەك و دوو و سێ و چوار. وشەی قەزا وشەیەکی عەرەبییە و بەکوردیکراوە. کوردییەکەی شارۆچکەیە.



وقەرەقوش وناحیەکانی زمارو بەعشیقە[50] وئاسکی کەلەك لە پارێزگای نەینەواو[51] هەردوو قەزای خانەقین ومەندەلی لە پارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری کارگێریی پێش ساڵی 1968 یانەوە.[52]

دووەم: سنوورە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان–عیراق، بە پشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی[53] دەستووری فیدراڵیەوە، دیاردەکرێن.

50 باشیکە

51 لێرەشدا ریزبەندی و پێکەوەبەستنی شوێنەکان ترشێنراوە بەسەریەکدا.

52 سنووری باشووری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر نادیار و ناپرۆفیشناڵانە دیاریکراوە. ریزکردنی ئەو شوێنانە هەر لەوەدەچێت کە لای سەوزە فرۆشێك بڵێی ئادەی "یەك دوو کاڵەك و چوار پێنج بۆڵە ترێ و هەندێك تەڕەی ترم بدەرێ" بەبێ ئەوەی دیاریی بکەیت بەتەواوەتی چیت دەوێت. سنوورکردنی وڵاتێت بەم شێوەیە دیاریناکرێت. من ترسی ئەوەم هەیە ئێستاش دەستەڵاتی کوردی نەزانێت کوێ کوردستانە و کوێش ئێراق. ئەمە جگەلەوەی باسی ئەو شوێنانەی تری کورد نەکراوە کە سەربە پارێزگای کوتن وەك بەدرە و جەسان و بەپێی ئەم دەستوورەش بەهەموو شێوەیەك واز لە کوردستانیی شاری نەینەوا دێنین. ئیتر پێویست بەوەش ناکات لیستی برایەتی گلەیی لە لیستی حەدبای عەرەبەکان بکات لە شاری نەینەوادا. ئەگەر موسڵ شارێکی عەرەبی بێت بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان, ئیدی لیستی برایەتیی پارتی و یەکێتی چی دەکەن لە موسڵ.

سێیەم: نابێ[54] هەرێمێکی نوێ لە نێو سنووری هەرێمی کوردستان دابمەزرێندرێ[55].

53 دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە مادەی ئێکسپایەربووی 140ی دەستووری هەمیشەی ئێراق کارێکی گێلانەیە و ئەمە ئەوەندەی تر کارەکان ئالۆز دەکات. جگە لەوەی دەبووایە لێرەدا وەك پەراوێزێك مادەی 140ی دەستووری ئێراقی دابنرایە تاوەکو بیری خەڵکی بهێننەوە کە ئەم مادەیە بەتەواوەتی چی دەڵێت.

ئەمە دەقی مادەی 140ە:

المادة 140
أولاً – تتولى السلطة التنفيذية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية , بكل فقراتها.
ثانياً – المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية , والمنصوص عليها في المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية , تمتدوتستمر الى السلطة التنفيذية النتخبة بموجب هذا الدستور , على ان تنجز كاملة ( التطبيع , الاحصاء , وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها , لتحديد ارادة مواطنيها ) في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنه الفين وسبعة.

54 نابێت

55 دابمەزرێندرێت. ئەمە نادادپەروەرییەکە بەرامبەر بە کوردستانییە ناکوردەکان دەکرێت. هەندێك ناوچە هەیە تەنها ئاشووری یان تورکمانی تێدا دەژیت. بۆچی بۆیان رەوا نەبێت هەرێمی تایبەت بەخۆیان لەناو باشووری کوردستاندا دابمەزرێنن؟!. ئەی کەواتە چۆن حکومەتی کوردستان, حکومەتێکی پەرلەمانیی دیموکراسییە!.



ماددەی (3)

یەکەم: گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەو[56] بناغەی رەوایەتی[57]، کە لە رێگای دامو دەزگا[58] دەستووریەکانیەوە[59] پیادەی دەکات و دەستوورو[60] یاساکانی هەرێمی کوردستان سەروەریو[61] باڵادەستیان[62] بەسەر هەموو ئەو یاسایانەدا هەیە کە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە دەردەچن وبەدەرن لە دەسەڵاتە تایبەتیەکانی (حصری) دام و دەزگا فیدراڵیەکان کە لە ماددەی (110) [63] ی دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون.

56 دەسەڵاتە و

57 رەوایەتیی

58 دامودەزگا یان دام و دەزگا

59 دەستوورییەکانییەوە

60 دەستوور و

61 سەروەری و

62 باڵادەستییان

63 مادەی 110ی دەستووری ئێراقی دەڵێت:

المادة 110
تكون الاختصاصات الآتية مشتركةً بين السلطات الاتحادية وسلطات الاقاليم:
اولاً :ـ ادارة الكمارك بالتنسيق مع حكومات الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم، وينظم ذلك بقانون .
ثانياً :ـ تنظيم مصادر الطاقة الكهربائية الرئيسة وتوزيعها.
ثالثاً :ـ رسم السياسة البيئية لضمان حماية البيئة من التلوث، والمحافظة على نظافتها، بالتعاون مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم.
رابعاً :ـ رسم سياسات التنمية والتخطيط العام .

دووەم: یاسای فیدراڵی لەسەروەری و باڵا دەستیی[64] دەستووری هەرێمی کوردستان و یاساکانی و ئەو دەسەڵاتانەی کەم ناکاتەوە کە لە ماددەی (115) و برگەی دووەمی مادەی (121) ی[65] دەستووری فیدراڵیدا هاتوون، ئەگەر کاروبارێکی لە خۆ گرت[66] کە دەکەوتنە[67] چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتە

---

خامساً :ـ رسم السياسة الصحية العامة، بالتعاون مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم.
سادساً :ـ رسم السياسة التعليمية والتربوية العامة بالتشاور مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في أقليم .
سابعاً :ـ رسم سياسة الموارد المائية الداخلية، وتنظيمها بما يضمن توزيعٍ عادلٍ لها، وينظم ذلك بقانون

64 باڵادەستیی

65 پیتی "ی" دەبێت بنووسرێت بە کەوانەکەی ژمارە 121ەوە.

ئەمانە مادەکانی 115 و 121ی دەستووری ئێراقییە:

المادة 115
يحق لكل محافظةٍ او اكثر، تكوين اقليمٍ بناءاً على طلبٍ بالاستفتاء عليه، يقدم بأحدى طريقتين: اولاً :ـ طلبٍ من ثلث الاعضاء في كل مجلسٍ من مجالس المحافظاتِ التي تروم تكوين الاقليم.
ثانياً :ـ طلبٍ من عُشر الناخبين في كل محافظةٍ من المحافظات التي تروم تكوين الاقليم
المادة 121
يضمن هذا الدستور الحقوق الادارية والسياسية والثقافية والتعليمية للقوميات المختلفة كالتركمان، والكلدان والآشوريين، وسائر المكونات الاخرى، وينظم ذلك بقانون

66 لەخۆگرت

67 ئەم دەستەواژانە لەباری زمانەوانییەوە ئەوەندە لەنگە کە تێگەیشتن و ڕاستکردنەوەیان ئاسان نییە.



تایبەتیانەی[68] لە ماددەی (110) ی[69] دەستووری فیدراڵیدا بە دام و دەزگا فیدڕاڵیەکان دراوون و کاروبارێکی دیکەشی لە خۆگرت[70] کە بەدەربوون لەو چوارچێوەیە.

ماددەی (4)

پەرلەمانی[71] کوردستان بۆی هەیە هەر یاسایەکی فیدڕاڵی لە هەرێمدا بخاتە کار کە بەدەربێ لە دەسەڵاتەکانی (حصری)

تایبەتی دامودەسگاکانی فیدرالی[72] کە لە ماددەی (110) ی[73] دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵیدا هاتوون.[74]

---

68 تایبەتییانەی

69 پیتی "ی" دەبێت بنووسێنرێت بە کەوانەکەوە

70 بڕوانە شێوەی نووسینی ئەم وشەیە و هەمان وشە لە دوو دێڕی پێشوودا!.

71 پەرڵەمانی

72 فیدڕاڵی

73 پیتی "ی" دەبێت بنووسێنرێت بە کەوانەکەوە

74 دەستەواژەی عێراقی فیدڕاڵ لە زۆر شوێنی دەستوورەکەدا دووبارە بووەتەوە. ئەم دەستەواژەیە زۆرجار لەلایەن کەناڵەکانی دەستەڵاتی هەرێمە بەر چاو و گوێمان دەکەوێت. لەڕاستیدا ئەمە تەنها خۆهەڵخەڵەتاندنێکە و

ماددەی (5)

گەلی هەرێمی کوردستان پێك هاتووە لە کورد، تورکمان، عەرەب، کلدان وسریان وئاشووری، ئەرمەن و هاوولاَتیانی دیکەی هەێمی کوردستان.[75]

ماددەی (6)

ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان دەنێ[76] و رێزی لێ دەگرێ[77]، و دان بە تەواوی مافە ئایینیەکانی مەسیحی[78] و ئێزدیەکان[79] و ئەوانی دیکە دادەنێ[80] و سەربەستیی بیروباوەرو[81] بەرێوەبردنی[82] رێو رەسم[83] و داب و نەریتی ئایینی لە هەرێمدا

هیچی تر. هەرگیز بەدەمی لێپرسراوێکی عەرەبدا نایەت, بلێت عێڕاقی فیدراڵ!.

75 هەرێمی کوردستان

76 دەنێت

77 دەگرێت

78 فەلە

79 ناوهێنانی ئێزدییەکان وەك کەمینەیەکی ئایینی کارێکی خراپە و هەردەم جیایاندەکاتەوە لە کورد. هەر بەم بۆنەیەوە دەبووایە لیژنەی دەستوور کوردێکی ئێزیدیشی تێدابووایە.

80 دادەنێت

81 بیروباوەڕ و

82 بەڕێوەبردنی



بۆ هەموو کەسێك دابین دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوە یەکی[84] سەرەکیی یاسادانانن ونابێ:

یەکەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام[85].

دووەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی[86].

سێیەم: یاسایەك دابندرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف وئازادیە[87] بنەڕەتیانەی[88] لەم دەستوورەدا هاتوون.

83 رێ و رەسم یان رێوڕەسم

84 سەرچاوەیەکی

85 پێم سەیرە بنەمایەکی واهی بخرێتە دەستووری هەرێمی کوردستانەوە. رێ بەوە نەدرێت یاسایەك دابندرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئایینێکدا کە زۆرتر لە چواردەسەدە لەمەوبەر بنەماکانی بۆ کۆمەڵگایەکی دوور لە کوردەواری داڕێژراوە.

86 بڕگەی دووەم ناکۆکییەکی گەورە دروستدەکات لەگەڵ بڕگەی یەکەمدا. چونکە بنەماکانی دیموکراسی ناکۆکن لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا. ئەگەر وابێت! ئەوا بە دوو ئافرەت حوکمی شاهێدێکیان هەیە لە دادگا و مێیینە نیوەی نێرینەی لە میراتدا بەردەکەوێت و پیاویش بۆی هەیە چوار ژن بێنێت و زۆر حوکمی تر کە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا یەکناگرنەوە!. نامەوێت زۆر بچمە گفتووگۆی ئەم دوو بڕگەیەوە ئەگینا دەبێتە گفتووگۆیەکی ئایینیی بێهوودە, بەڵام ئاشکرایە کە ئەو دوو بڕگەیە چەند دژبەیەکن.

ماددەی (7)

گەلی کوردستان_عیراق مافی دیارکردنی چارەنووسی خۆی[89] هەیە و بەویستی ئازادانەی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێ[90] لە چوارچێوەی عێراقدا[91] مادام[92] عێراق پابەند بێ[93] بە سیستەمی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی[94]، فرەلایەنی و مافەکانی تاکو کۆی[95] مرۆڤەوە، بەو جۆرەی کە لە دەقی دەستووری فیدراڵیدا هاتووە.

ماددەی (8)

87 ئازادییە

88 بنەڕەتییانەی

89 خۆیی

90 بێت

91 ئەمە ئەو درۆ شاخدارەیە کە پێشتر باسم کرد و ریفراندۆمەکەی کوردستان باشترین سەلماندنە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەمە.

92 وشەی "مادام" عەرەبییە. لێرەدا وشەی ئەگەری کوردی بەکاربهاتایە باشتر دەبوو.

93 بێت

94 پەڕڵەمانی

95 ئەوەی تاوەکو ئێستا دەرکەوتووە ئێڕاقی فیدڕاڵ! بەهیچ شێوەیەك پابەند نییە بە پراکتیککردنی دەستوورەکەی. ئێڕاقیش نە وڵاتێکی دیموکراتییە و نە گوێش دەدات بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو نەتەوانەی کە عەرەب نین.



یەکەم: ئەو پەیماننامەو[96] رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیانەی[97] کە حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەر دەوڵەتێك یان لایەنێکی بیانیدا مۆریان دەکاو پێوەندیان[98] بە پێگە، یان بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کاریان پێدەکرێت لە هەرێمدا ئەگەر پەرلەمانی کوردستان–عیراق بە زۆرینەی ڕەهای[99] ژمارەی ئەندامانی رەزامەندیان لەسەر بدات.[100]

دووەم: هەتا پەرلەمانی[101] کوردستان–عیراق بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی رەزامەندی نەدات، کار بەو بەیاننامەو[102] رێکەتننامانە ناکرێت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کە حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ دەوڵەتێکی بیانی مۆریان دەکات ئەگەر هەندێ پرس لە خۆ بگرن کە لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتە

96 پەیماننامە و

97 نێودەوڵەتییانەی

98 پێوەندییان

99 رەهای

100 ئەمە باوەڕناکەم رووبدات, پەڕڵەمانی ئێڕاق هەرگیز بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی دەنگ لەسەر ئەو پەیماننامە و رێککەوتننامانە نادات کە حکومەتی هەرێم بۆ بەرژەوەندیی هەرێمییانەی خۆی دەیانبەستێت. هەموومان بینیمان لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان چییان بە کورد نەکرد!.

101 پەڕڵەمانی

102 بەیاننامە و

(حصريه) تايبەتيانه[103] بن كه به پێی ماددەی (110) ی دەستووری فيدرالی[104]، بۆ حكومەتی فيدراڵ دياركراوون.

سێيەم: هەرێمی كوردستان مافی ئەوەی هەيه رێكەوتننامه لەگەڵ دەوڵەته بيانيەكان[105]، يان هەرێمەكانی نێويانەوە مۆربكات سەبارەت بەو پرسانەی ناكەونه نێو ئەو دەسەڵاته (حصريه) تايبەتيانەی[106] كه به پێی ماددەی (110) له دەستووری فيدراڵيدا، بۆ حكومەتی فيدراڵی دياركراوون.

چوارەم: ئەو رێككەتنامەی[107] له نێوان هەرێمی كوردستان و دەوڵەتانی بيانی، يان هەرێمەكانی نێويانەوە مۆر دەكرێن[108] دەخرێنه بەر چاوی حكوومەتی فيدراڵ بۆ پەسندكردن و ئەگەر حكوومەتی فيدراڵ لەبەر چەند

103 تايبەتييانه – ئەمه وەرگێڕانێكی هەڵەيه بۆ وشەی "حصر"ی عەرەبی.

104 فيدراڵی

105 بيانييەكان

106 تايبەتييانەی

107 رێككەوتننامەيەی

108 ,



هۆيەكی دەستووری وياسايی[109] رەزامەندی لەسەر نەدان[110] جێبەجێ ناكرێن[111].

ماددەی (9)

هەرێم مافێكی[112] بنچينەيی و دەستووری[113] بەرامبەر به دام و دەزگا فيدراڵيەكاندا[114] هەيه له:

يەكەم: بەشێكی دادپەروەرانه له داهاته فيدراڵيەكاندا[115]، به بەخشش و يارمەتی و قەرزه نێو دەوڵەتيەكانەوە[116] لەسەر بنەمای هاوشانيی رێژەيی[117] دانيشتووان و لەبەرچاوگرتنی ئەو بارەی تووشی كوردستان_عێراق بووه له

109 و ياسايی

110 ,

111 بەباوەڕی من حكومەتی ئێراق بەهيچ شێوەيەك رەزامەندی لەسەر هيچ رێككەوتننامەيەكی هەرێمی كوردستان و لايەنێكی ديكەدا ناكات. ئەم مادەيەش يەكێكه له خاڵه لاوازەكانی تری دەستوورەكە و حكومەتی هەرێميش.

112 مافی

113 دەستووريی

114 فيدراڵييەكاندا

115 فيدراڵييەكان

116 نێودەوڵەتييەكانەوە

117 رێژەييی

سیاسەتی کۆکوژی و سووتاندن و وێرانکردن و بێبە شکردنی[118] گەلەکەی لە ماف شیاوی خۆی بە درێژایی فەرمانرەوایی[119] رژێمەکانی پێشوو، ئەمەش بە پێی هەردوو ماددەی (106و112) ی[120] دەستووری فیدراڵ.

دووەم: بەشداریکردنێکی دادپەروەرانە لە بەرێوەبردنی دامو دەزگا[121] جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و نێردە و کورسیەکانی[122] خوێندن (الزمالات الدراسیە) و شاندەکان و کۆنفرانسە[123] هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا بە شێوەیەکی گونجاوو[124] هاوشان. هەروەها سپاردنی پلەکانی فەرمانبەریی دامو

118 بێبەشکردنی

119 فەرمانڕەوایی

120 (106 و 112)ی

المادة 106
تحافظ السلطات الاتحادية على وحدة العراق وسلامته واستقلاله وسيادته ونظامه الديمقراطي الاتحادي
المادة 112
يتكون النظام الاتحادي في جمهورية العراق من عاصمةٍ واقاليم ومحافظاتٍ لا مركزيةٍ واداراتٍ محلية

121 دامودەزگا

122 کورسییەکانی

123 شاند و کۆنفڕانسە

124 گونجاو و



دەزگا[125] فیدراڵیەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە هاوڵاتیانی خۆی بە پێی ماددەی (105) لە دەستووری فیدراڵیدا[126].

ماددەی (10)

شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانەو[127] پەرلەمانی هەرێمیش بۆی هەیە شارێکی دیکەی کوردستان بکاتە پایتەخت بە زۆرینەی دوو سێیەکی ژمارەی ئەندامانی.

ماددەی (11)

125 دامودەزگا

126 دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك, رێژەی کورد تێیاندا ناشگاتە ٪10. دەبوایە لەم مادەیەدا جەخت لەسەر بەرزکردنەوەی رێژەی کورد لە دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوکدا بکرایە و پاش جێبەجێکردنی ئەو بڕگەیە لە دەستوورەکەدا دەربهاتایە.

127 کوردستانە و

دەربارەی پایتەختی هەرێمی کوردستان, لەوەتەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی هەیە, بانگەشەی ئەوەی کردووە کە کەرکوك پایتەختی کوردستانە. دەبوایە لەم دەستوورەشدا بۆ زۆرتر پەیوەستبوون بە کوردستانیبوونی شاری کەرکوکەوە, شاری کەرکوك بکرایەتە پایتەختی کوردستان و هەولێریش وەك پایتەختێکی کاتی دابنرایە تاوەکو کەرکوك دێتەوەسەر هەرێمی کوردستان. ئیدی ئەوجا گوندێکیش ببوایەتە پایتەخت گرنگ نەدەبوو.

یەکەم: هەرێمی کوردستان–عێراق ئالأیەکی تایبەتی[128] هەیە کە لە تەك ئالأی فیدرالّیدا هەڵدەدرێ[129]، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانی و جەژنی نەتەوایەتیی خۆی ( نەورۆز) یشی[130] هەیەو[131] ئەمەش بە یاسا رێك دەخرێ[132].

دووەم: ئالأکە پێك دێت لە ڕەنگی سوور، ئینجا سپی ئینجا سەوزو[133] خۆرێکیش بە رەنگی زەرد دەکەوێتە ناوەڕاستیەوە کە بیست و یەك تیشکی لێوە دەردەچن و بەیاسایەك ئەندازەکانی دیاردەکرێن و مانای پێکهاتەکانی ڕووندەکرێتەوە.

سێیەم: پشووە فەرمیەکان[134] و نیشانەو[135] میدالّیاکان بە یاسایەك ڕێکدەخرێن.

ماددەی (12)

---

128 تایبەتیی

129 هەڵدەدرێت

130 (نەورۆز)یشی

131 هەیە و

132 ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.

133 سەوز و

134 فەرمییەکان

135 نیشانە و



هەرێمی کوردستان، بە پێی برگەی (پێنجەم) لە ماددەی (121) ی[136] دەستووری فیدرالی[137]، هێزێکی (پێشمەرگە) ی بەرگریکاری[138] هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە هەرێم، کە[139] پێکهاتەو[140] ئەرکەکانی بە یاسایەك ڕێکدەخرێن و نابێ[141] مێلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێکبهێنرێن[142].

---

136 (121)ی

المادة 121

يضمن هذا الدستور الحقوق الادارية والسياسية والثقافية والتعليمية للقوميات المختلفة كالتركمان، والكلدان والآشوريين، وسائر المكونات الاخرى، وينظم ذلك بقانون

137 فیدڕاڵی

138 ئەم بڕگەیە, جگەلەوەی دوو هەڵەی ڕێنووسیی تێدایە و دەبێت بنووسرێت هێزێکی (پێشمەرگە)ی بەرگریکاریی هەیە, هەروەها پێشمەرگەش وەك سوپای پارێزەری هەرێمی کوردستان زۆر بچووككراوەتەوە. دەبووایە بنووسرایە: (پێشمەرگە), هێزی بەرگریکاری هەرێمە. چونکە هێزێك بەواتای هێزێکی بچووك دەگەیەنێت.

139 ئەم "کە"یە لێرەدا ببێت و نەبێت هیچ واتایەکی واهی نادات بەدەستەوە !

140 پێکهاتە و

141 نابێت

142 ئەم بڕگەیەی کۆتاییی تاڕادەیەك شتێکی باشە لە دەستوورەکەدا. بەڵام ئەگەر هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی هەربە پارتی و یەکێتی بمێننەوە,

ماددەی (13)

ڕێگە نادرێ[143] بە دانانی هیچ ڕەسم یان باجێك یان هەموارکردنی یان لێخۆشبوونی لە هەرێمی کوردستاندا بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمانی[144] کوردستان و پەسەند کردنی[145] بە یاسایەك.

ماددەی (14)

یەکەم: کوردی[146] و عەرەبی[147] دوو زمانی فەرمیی[148] هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستووره ماف هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر

ئەوا ئەوانیش دەچنە چوارچێوەی میلیشیاوە. هەرچۆنێك بێت بوونی میلیشیا چ بە یاسا و چ لە دەرەوەی یاسا کارێکی باش نییە و دەبێتە هۆی پەرپەرتی و هەمیشە مەترسییەکیشە بۆسەر جەنگی ناوخۆ.

143 نادرێت

144 پەرلەمانی

145 پەسەندکردنی

146 لێرەدا زۆر گرنگ بوو شێوەزمانی فەرمیی کوردی بۆ قوتابخانە و فەرمانگەکان دیاریبکرایە. ئایا شێوەزمانی سۆرانی دەبێت یان بادینی, چونکە بەکارهێنانی هەردوو شێوەزمانەکە دەبێتە هۆی پەرپەرتبوونی زۆرتری یەکانگیریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان, هەروەك ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان پیادە دەکرێت. سۆرانی بێت یان بادینی, دەبێت تەنها یەك شێوەزمان بەکاربهێنرێت.



دەکات لە فێرکردنی مندالەکانیان[149] لە دام و دەزگا فێرکاریەکانی[150] حکوومەتدا بە پێی مەرج و ڕێککاریەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی[151] خۆیان. ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە[152].

دووەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین[153] لە تەك زمانی کوردی و عەرەبیەوە[154]، لەو یەکە کارگێرییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە

147 ئەم بڕگەیە زۆر بەخراپ نووسراوە و دەبووایە بنووسرایە زمانی کوردی زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانە. دەکرێت زمانی عەرەبیش وەك زمانێکی فەرمی لە فەرمانگاکاندا کاری پێبکرێت. دیارە ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بە زۆرڕۆییەوە نییە, وڵاتێکی وەك سویسرا لە چوار هەرێمی فیدراڵی پێکهاتووە. لە بەشە فەرەنسییەکەی و بۆ نموونە لە شاری جنێڤ, ئەگەر بە ئەڵمانی یان ئیتاڵی قسەبکەیت! کەس لێت تێناگات. لە بەشە ئیتالییەکەیی و لە شارێکی وەك لۆکارنۆ, هەمووی بە ئیتالی قسەدەکەن و لەوێدا ئەڵمانی و فەرەنسی هیچ ئامادەییەکی نییە و بەوشێوەیە...

148 فەرمیی

149 منداڵەکانیان

150 فێرکارییەکانی

151 زگماکیی

152 لەڕاستیدا دەبووایە زمانەکانی سریانی و ئەرمەنی بخرانایەتە پێش زمانی تورکمانییەوە. چونکە ئەو دوو زمانەی تر پێشینەی مێژووییان لە کوردستاندا نەك لە تورکمان تەنانەت وەکو زمانی کوردی کۆنن.

دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێك دێنن[155]. ئەمەش بە یاسایەك ڕێكدەخرێ[156].

سێیەم: لە هەرێمی کوردستان[157] کار بە حوکمەکانی ماددەی (4) ی[158] دەستووری فیدراڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمیەوە[159] لە هەر جێیەك بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.

---

153 لە هەندێك شوێندا وشەی فەرمی بەکارهاتووە و لە هەندێکی تردا ڕەسمی!.

154 عەرەبییەوە

155 ئەم برگەیە زۆر لەنگە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەوێت.

156 ڕێکدەخرێت

157 ,

158 (4)ی

المادة 4

اولاً :ـ اللغة العربية واللغة الكردية هما اللغتان الرسميتان للعراق، ويضمن حق العراقيين بتعليم ابنائهم باللغة الام كالتركمانية، والسريانية، والارمنية، في المؤسسات التعليمية الحكومية، وفقاً للضوابط التربوية، او بأية لغة اخرى في المؤسسات التعليمية الخاصة.

ثانياً :ـ يحدد نطاق المصطلح لغة رسمية، وكيفية تطبيق احكام هذه المادة بقانونٍ يشمل:

أ ـ اصدار الجريدة الرسمية باللغتين.

ب ـ التكلم والمخاطبة والتعبير في المجالات الرسمية كمجلس النواب، ومجلس الوزراء، والمحاكم، والمؤتمرات الرسمية، بأيٍ من اللغتين.

ج ـ الاعتراف بالوثائق الرسمية والمراسلات باللغتين واصدار الوثائق الرسمية بهما.

د ـ فتح مدارس باللغتين وفقاً للضوابط التربوية.



ماددەی (15)

هەرێمی کوردستان پشت بە سیستمی ئابووری و بازاری کێبڕکێی ڕەوا دەبەستێ[160] لەگەڵ هاندان و گرتنەبەری پەرەپێدانی ئابووری لەسەر بنەمای نوێ و وەبەرهێنان، بەهەر دوو ڕووی گشتی و تایبەتیەکەیەوە[161]، قۆرخکردنیش (احتكار) بە یاسا نەبێ ڕێگەی پێ نادرێ[162].

ماددەی (16)

هەموو دام و دەزگاکانی هەرێم، بە پێی بەر پرسیارێتیان[163] بەرامبەر بە نەوەکانی ئێستاو دوا ڕۆژەوە[164]، ئەرکی پاراستنی ژینگەو[165] پێداویستیە

---

هـ - اية مجالات اخرى يحتمها مبدأ المساواة، مثل الاوراق النقدية، وجوازات السفر، والطوابع .

ثالثاً: ـ تستعمل المؤسسات والاجهزة الاتحادية في اقليم كردستان اللغتين.

رابعاً: ـ اللغة التركمانية واللغة السريانية لغتان رسميتان أخريان في الوحدات الادارية التي يشكلون فيها كثافةً سكانية .

خامساً: ـ لكل اقليمٍ او محافظةٍ اتخاذ اية لغة محلية اخرى، لغةً رسمية اضافية، اذا اقرت غالبية سكانها ذلك باستفتاء عام

159 فەرمییەوە

160 دەبەستێت,

161 تایبەتییەکەیەوە

162 بە یاسا نەبێت, ڕێگەی پێنادرێت.

163 بەرپرسیارێتییان

164 ئێستا و دواڕۆژەوە

165 ژینگە و

سەرەکیەکانی[166] ژیان و ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤیان[167] لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر شانە، یاساش چۆنیەتیی دروستکردنی ناوچە پاوانکراوەکانی دەشت و دەرو[168] گیانلەبەرەکان و رووەکە سروشتیەکان و چۆلەوانیەکان[169] و هێشتنەوەیان بە شێوەی سروشتیی خۆیان و رێگە نەدان[170] بە دروستکردنی خانووبەرەو[171] هەرچەشنە چالاکییەکی فیزیکی دیکە تیایاندا، رێك دەخا[172].

مادەی (17)

یەکەم: داهات وسەرچاوە گشتیەکانی[173] سامانی سروشتی و ئاوی ژێر زەوی[174] و کانە دەرنەهێراوەکان و کانی و رووبارو کانە بەردو کانگاکان[175]،

166 پێداویستییە سەرەکییەکانی

167 ئایا مەبەست لە ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆڤ چییە!

168 دەر و یان هەمووی بکرێتە دەشتودەر بەسەریەکەوە!

169 ئەمە سەرلەبەری هەڵەیە! باشتر بوو بنووسرایە گیانلەبەر و رووەکی سروشتی و دەوروبەرەکانیان, نەك چۆلەوانیەکان کە ئەویش هەربە هەڵە نووسراوە و دەبووایە چۆڵەوانییەکانیان بووایە.

170 رێگەنەدان, دەبێت یەك وشە بێت.

171 درووستکردنی خانووبەرە و

172 رێکدەخات

173 و سەرچاوە گشتییەکانی



سامانی گشتین و دەرهێنان و بە کارهێنان[176] و بەرێوەبردن و مەرجەکانی ڕەفتار لەسەرکردنیان[177] بەیاسایەك رێکدەخرێن کە بۆ بەرژەوەندی[178] نەوەکانی ئێستاو دوا رۆژ پارێزگاریان لیَ بکا[179].

دووەم: زەوی و سامانە گشتییەکانی هەرێم[180] موڵکی گەلی کوردستان– عیراقن و چۆنیەتی رەفتار لەسەر کردن[181] و بە کارهێنانیان بە یاسایەك رێکدەخرێ[182].

174 ژێرزەوی یەك وشەیە و پێویست ناکات جوودابکرێتەوە.

175 کانە دەرنەهێنراوەکان بوونی نییە, کان کە دەرهێنرا لە "کان"ی دەکەوێت! کانە بەرد و کانگاکانیش بەشێکن لە کانەکان و پێویست ناکات دووبارە بکرێنەوە. هەروەها لە هەمان دەستەواژەشدا لە دوو شوێن پیتی "و" بەهەڵە نووسراوە و دەبێت جوودابن لە وشەکانی دیکە.

176 بەکارهێنان

177 "ڕەفتار لەسەرکردنیان" دەستەواژەیەکی سەیرە لێرەدا. باشتر بوو بنووسرایە رەفتار پێوەکردنیان. ڕەفتار هەڵەیە و دەبێت رەفتار بنووسرێت. ئەمە رێسایەکە کە زۆرینەی نووسەران پێوەی وابەستن.

178 بەرژەوەندیی

179 ئەمە هەمووی هەڵەیە! راستەکەی ئەمەیە: ئێستا و دوارۆژ پارێزگارییان لێبکات.

180 لێرەدا دەبێت کۆمایەك دابنرێت.

181 لەسەرکردن

دەروازەی دووەم

مافە بنەرەتیەکان

بەشی یەکەم

مافە شارستانی و سیاسیەکان[183]

ماددەی (18) پابەندبوون وجێبەجێکردن[184]

دەسەلاتەکانی[185] یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەرێمی کوردستان[186] پابەند دەبن بەو مافە سەرەکیانەی[187] کە لەم دەستوورەدا هاتوون[188] وەك یاسایەکی سەرەکی کە دەبێ[189] پیادە بکرێن و جێبەجێ بکرێن، وەك مافە بنەرەتیەکانی[190] هاولاتیانی[191] هەرێم.

---

182 رێکدەخرێت

183 سیاسییەکان, ئەگەر بنووسرایە رامیارییەکان زۆر باشتر بوو.

184 پابەندبوون و جێبەجێکردن

185 دەسەڵاتەکانی

186 لێرەدا دەبێت کۆمایەك دابنرێت.

187 سەرەکییانەی

188 کۆما !

189 دەبێت

190 بنەڕەتییەکانی

191 هاووڵاتییانی



دووەم: ئەو دەق و حوکمانەی تایبەت بەو مافە سەرەکیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون[192]، هەرکاتێ[193] جێبەجێ کردنیان[194] لە توانادا هەبێ[195]، کەسی[196] سروشتی و مەعنەوی دەبێ[197] پابەندبن پێیانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مافەکەو[198] سروشتی ئەو ئەرکەی مافەکە دەی سەپێنێ[199].

سێیەم: ئەومافە[200] سەرەکیانەی[201] بۆ کەسی سروشتی هاتوون لەم دەستوورەدا[202] لەسەر کەسی مەعنەویش جێبەجێ دەبن لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر سروشتەکەی بۆ جێبەجێکردن بگونجێ[203].

---

192 ئەمە زۆر لەنگە و باشترە بەم شێوەیە بێت:

ئەو دەق و حوکمانەی کە تایبەتن بەو مافە سەرەکییانەی کە لەم دەستوورەدا هاتوون,

193 هەر کاتێك

194 جێبەجێکردنیان

195 هەبێت

196 کەسانی

197 دەبێت

198 مافەکە و

199 کە مافەکە دەیسەپێنێت.

200 ئەو مافە

201 سەرەکییانەی

ماددەی (19) کەرامەت و ژیان و ئازادی:

یەکەم: کەرامەتی ئادەمیزاد[204] پارێزراوەو[205] رێزلێگرتن و پاراستنی ئەرکی هەموو دامو دەزگاکانی[206] هەرێمە.

دووەم: هەموو کەس مافی ژیان[207] و ئازادیی هەیەو[208] بە یاسا نەبێ نابێ[209] هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێ[210] یان لێی بەر تەسک بکرێنەوە.

سێیەم: نابێ[211] لە دژ[212] هیچ کەسێک ئامرازەکانی ئازاری جەستەیی، یان دەروونی بەکاربهێنرێن، رەفتاری بە شێوەیەکی[213] نامرۆڤانە لەگەڵدا

202 لەم دەستوورەددا بۆ کەسی سروشتی هاتوون,

203 بگونجێت

204 مرۆڤ

205 پارێزراوە و

206 دامودەزگاکانی

207 مافی ژیان بۆ هەر کەسێک بەڵگەنەویستە و پێویست ناکات بخرێتە دەستوورەوە !.

208 هەیە و

209 نەبێت, نابێت

210 بکرێت

211 نابێت

212 دژی

213 بەشێوەیەکی



بکرێ[214]، سووکایەتی[215] پێ بکرێ[216]، یان بەبێ رەزامەندی[217] ئازادانەی خۆی تاقیکردنەوەی پزیشکی یان زانستی و هی دیکەی لەسەر ئەنجام بدرێ[218]. پشت بەهیچ دانپێدانانێکیش نابەسترێ[219] کە بە زۆر، بە ئازاردان، بە هەرەشە یان بە ترساندن وەرگیرابێ[220]، هەرکەسیش تووشی ئازاردان یان رەفتارێکی توندوتیژی، یان سووکایەتی پێکردن بووبێ[221] مافی خۆیەتی قەرەبووی ئەو زیانە جەستەیی و دەروونیانەی بۆ بکرێتەوە کە تووشی هاتوون.

214 بکرێت,

لەراستیدا ئەم برگەیە پێویستیی بە سەرلەنوێ نووسینەوە و راستکردنەوە هەیە.

215 سووکایەتیی

216 بکرێت

217 رەزامەندیی

218 بدرێت

219 نابەسترێت

220 وەرگیرابێت

221 بووبێت,

چوارەم: لە چوارچێوەی ئەو خزمەتە گشتییەدا نەبیٚ[222] کە بە پێی یاسا لەسەر هەمووان جێبەجیٚ دەکریٚ[223]، نابیٚ[224] هیچ کەس ناچار بکریٚ[225] کارێکی بێگاری بکات.

پێنجەم: کاری بێگاری بەسەر کەسدا ناسەپێندریٚ[226] تەنها بە بڕیارێکی دادوەری نەبیٚ[227] کە لەکاتی سزادانیدا بۆی دیاربکات.

شەشەم: هەموو کەس مافی ئاسایشی[228] کەسیی (شخصی) خۆی[229] هەیە[230].

---

222 نەبێت

223 دەکرێت

224 نابێت

225 بکرێت

226 ناسەپێندرێت

227 نەبێت

228 ئاسایشی

229 خۆیی

230 ئەمە نەك هەڵە بەڵکو ترسێکی گەورەیە لە دەستوورەکەدا. پێدەچێت ئەم بڕگەیە لەبەرخاتری لێپرسراوان دانرابێت, تاوەکو ژمارە و مانگانەی پاسەوانەکانیان بکرێتە کارێکی یاسایی. ئەگەر دەوڵەت, دەوڵەتی یاسا بێت و یاسا تێیدا سەروەر بێت, بۆچی دەبێت تاکەکان ئاسایشی خۆیان بپارێزن!.



حەوتەم[231]: هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە ڕێز لە ژیانی تایبەتی وخێزانی و[232] ناو ماڵ و[233] هەموو پێوەندیپێوەکردنەکانی[234] بگیریٚ[235]. خانوو و ماڵ و هاوشێوەیان ڕێزیان هەیەو[236] نابیٚ[237] پێشێل بکرێن[238]. بە پێی یاساو بە فەرمانێکی دادوەری نەبیٚ[239] کەس بچێتە نێویانەوە، بپشکندرێن یان بخرێنە ژێر چاودێرییەوە[240]. هەروەك پشکنینی هەموو کەسێك یان شتوومەکەکانیشی بەبیٚ هۆیەکی یاسایی قەدەغەیە.

---

231 هەفتەم

232 و خێزانی و

233 ناوماڵ و

234 هەندێك پەیوەندی مەترسیی هەیە بۆسەر یەکگرتوویی خێزان و ئاسایشی نەتەوەیی. ئەگەرچی ئەم بڕگەیە زۆر لەنگە و بەتەواوەتی نازانرێت مەبەستەکەی چییە!.

235 بگیرێت

236 هەیە و

237 بکرێن

238 لە تەواوی تێکستەکەدا وشەی "کردن" کە لە زمانی کوردیدا زۆرجار بابەتێکی گرنگی وشەیەکی لێکدراوە, هەندێکجار پێکەوە و هەندێکجاریش بەجیا نووسراوە, واتە هیچ کۆنسینتسییەك بەکارنەهێنراوە.

239 نەبێت

240 چاودێرییەوە.

هەشتەم: هەموو کەس مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی هەیەو[241] گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆری و بەبێ رەزامەندیی تەواوی هەردوو لا ئەنجام نادرێ[242].

نۆیەم: زۆر لێکردن لە ئاییندا نیە[243]، و هەموو کەس مافی ئازادیی ئایین و بیرو باوەرو[244] بیرکردنەوەو[245] ویژدانی هەیەو[246] حکومەتی هەرێم ئازادیی موسڵمان و مەسیحی[247] و ئێزدی و کەسانی دیش لە بە جێگەیاندنی رێو رەسمی[248] خواپەرستی و داب و نەریتە[249] ئایینیەکاندا[250] دەستەبەر دەکا[251]، بێ ئەوەی کەس پێشیان پێ بگرێ[252]، هەروەها رێزی مزگەوت و

241 هەیە و

242 نادرێت.

243 نییە,

244 بیروباوەڕ و

245 بیرکردنەوە و

246 هەیە و

247 فەلە

248 رێوڕەسمی

249 دابونەریتە

250 ئایینییەکاندا

251 دەکات

252 بگرێت,



کەنیسەو[253] شوێنەکانی دیکەی خواپەرستی دەستەبەر دەکا[254]. وبۆ[255] پاراستنی رێزی ئەو شوێنانەو[256] پیرۆزیی پەیامەکەیان، قەدەغەیە مزگەوت و کەنیسەو[257] شوێنەکانی خواپەرستی بکرێنە گۆرەپانی چالاکیی حزبی و سیاسیی[258].

دەیەم: هەموو کەس مافی ئازادیی دەربڕینی هەیەو[259] پێویستە ئازادیی رۆژنامەنووسی و هۆیەکانی رادەربڕین و راگەیاندن و فرەلایەنیان[260] مسۆگەر بکرێ[261]، بەلاّم ئەم مافە توانج و تەشەرەو[262] دەستدرێژی بۆ سەر مافی

253 کەنیسە و یان کڵێسە و

254 دەکات

255 بۆ – نازانم چۆن لە دوای پونتەوە رستە بە "و" دەستپێدەکات. ئەمە ئەگەر هەڵەی چاپ نەبێت, ئەوا هەڵەیەکی گەورە. ئەگەرچی هەڵەی چاپیش بۆ نووسینەوەی دەستوور بە هەڵەیەکی گەورە دادەنرێت!.

256 شوێنانە و

257 کڵێسە و

258 ئەم ئایین و ئایینکارییە, کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە. ئایین دیاردەیەکی کەسییە و پەیوەندییەکی تایبەتە بە کەسێکەوە. لەبەرئەوە بوونی ئەم مادەیە لە دەستوورەکەدا زیادەیە.

259 هەیە و

260 فرەلایەنییان

261 بکرێت

خەڵکی دیکەو[263] سووکایەتی بە پیرۆزیە[264] ئایینیەکان[265] و هاندان بۆ توندوتیژی و برەوپێدانی رق[266] و کینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان–عیراقدا ناگرێتەوە.

یازدەم: مافی بە دەستهێنانی[267] زانیاری بەیاسایەك دەستەبەردەکرێ[268].

دوازدەم: حکومەتی هەرێم ئازادی پێوەندی پێوەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەیی و بروسکەیی و تەلەفۆنی و ئەلیکترۆنی دەستەبەر دەکاو[269] نابێ[270] چاودێریان[271] بخرێتە سەر، گوێیان لێ بگیرێ[272] یان ئاشکرا بکرێن، مەگەر بە[273] پێویستیەکی یاسایی، یان ئاسایشی وبە[274] بڕیارێکی دادوەری بێت.

262 تەشەر و

263 دیکە و

264 پیرۆزییە

265 ئایینییەکان

266 رك

267 بەدەستهێنانی

268 دەستەبەردەکرێت

269 دەکات و

270 نابێت

271 چاودێرییان

272 بگیرێت

273 بەپێی



سێزدەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیکردنی مێردمنداڵان و گەنجان و گەشەپێدانی تواناکانیان و پاڵپشتی دەستپێشخەریەکانیان[275] و دروستکردنی دامودەزگای پێویست بۆ پێگەیاندنیان دەستەبەر دەکات و بواریان بۆ دەرەخسێنێ[276] تا بتوانن شان بەشانی پێشوەچوونە زانستی و تەکنەلۆژیەکانی[277] جیهان برۆن، بۆ ئەوەی رۆڵێکی چالاکانە لە کۆمەڵدا بگێڕن و بەهرەکانیان لە وەبەرهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستیدا بەکاربێنن[278] و بەرنامە و نەخشە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دادەنێ[279].

چواردەم: وەرزش کردن مافی هەموو هاووڵاتیەکە و ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە هانی بۆ بداو[280] دامودەزگای تایبەتی بۆ دامەزرێنێ[281] و پێداویستیەکانی[282] بۆ ئامادە بکات.

274 ئاساییشی و بە

275 دەستپێشخەرییەکانیان

276 دەرەخسێنێت

277 تەکنەلۆژییەکانی

278 بەکاربهێنن

279 دادەنێت

دەبووایە بنووسرایە لایەنی پەیوەندیدار بەرنامە و نەخشە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دادەنێت.

280 هانی بدات و

281 دابمەزرێنێت و

پازدەم: هونەر و وێژە (ئەدەب) و توێژینەوەی زانستی لە هەموو کۆت و بەندێك ئازادە و پێویستە ئازادی ئەکادیمی بۆ توێژینەوەی زانستی دەستەبەر بکرێ و هان بدرێ[283] و پشتەوانیی زانکۆکان و ناوەندە زانستیەکان بکری[284] و سەرپەرشتی بکرێن وحەرەمەکانیان[285] بپارێزرێ[286] و بنیاتی[287] (مقومات) کەسایەتی[288] مەعنەویان دەستەبەر بکرێ[289] و بەڕێوەبردنیان لەسەر بناغەی کارگێری نامەرکەزی گەشە پێبدرێت.

---

282 پێداویستییەکانی

283 بدرێت

284 بکرێت

285 وشەی حەرەم, جگەلەوەی کوردی نییە و عەرەبییە. تابشلێی وشەیەکی کۆنخوازی جووداکەرەوەی رەگەزییە و سووکایەتییەکی زۆریشی تێدایە بۆ رەگەزی ژن. دەبێت ئەم وشەیە لە دەستوورەکەدا نەهێلرێت و وشەیەکی تر لەجێی دابنرێت. بۆ نموونە بکرێت بە سنوورەکانیان بپارێزرێت.

286 بپارێزرێت

287 لەڕاستیدا بنیات خۆی عەرەبییە و لە بونیەوە هاتووە. کەچی لێکدانەوەکەشی لە نێو دووکەوانەدا (مقومات) هەر عەرەبییە.

288 کەسایەتیی

289 بکرێت



شازدەم: حکومەتی هەرێم پاراستنی خاوەندارێتی[290] هزری و مافی دانان (تالیف)و بڵاوکردنەوەو[291] بڕوانامەی داهێنان (براوات الاختراع) و نیشانە بازرگانیە[292] تۆمارکراوەکان (العلاقات التجاریه المسجله) دابین بکات.

حەڤدەم:

1 ـ هەموو کەس مافی ئازادی[293] کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەو[294] رابیتەو[295] یەکێتیەکانی[296] هەیە و کاربەدەستانی هەرێم هەوڵ دەدەن رۆڵ و

---

290 خاوەندارێتیی

291 (تألیف) و بڵاوکردنەوە و

292 بازرگانییە

293 ئازادیی

294 کۆمەڵە

295 رابیتە و

رابیتە, وشەیەکی عەرەبییە و تاڕادەیەك بەواتای کۆمەڵە دێتەوە و بوونی لەم بڕگەیەدا هیچ پێویست نییە.

296 یەکێتییەکانی

لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە دەبێت باشتر بنووسرێتەوە و پێویستە تەواوی کۆمەڵە و یەکێتییەکان لە چوارچێوەی یاسادابن و دژی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکانی هەرێم نەوەستنەوە. هەروەها دەبێت دەستووری کوردستان پەیوەندییە سیاسی و گومانلێکراوەکانی کۆمەڵە و یەکێتییەکان قەدەغەبکات. تاوەکو بۆ نموونە کۆمەڵە ئیسلامییەکان بە ئارەزووی خۆیان نەبنە داردەستی

سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی بەهێز بکەن و هەموو کەسێکیش بە پێی یاسا مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانەی هەیە.

2 ـ ئەو کۆمەڵانە قەدەغە دەکرێن کە ئامانجیان، یان کردەوەکانیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم دەستووره و یاساکان ناکۆك بن یان هەڵوێستێك وەربگرن کە دژی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەو[297] لێك نزیك بوونەوەی[298] پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی[299] گەلی کوردستان–عیراق بێت.

هەژدەم:

1 ـ ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەرکراوە و بە پێی یاسا ڕێکدەخرێ[300]، بە مەرجێك کە لە پێڕەوی ناوەخۆ و ڕێکخستن و چالاکی و مافی ئەندامەکانیان پابەند بن بە بنەما سەرەکیەکانی دیمەکراسی و مافی مرۆڤ و حوکمەکانی ئەم دەستووره[301] و ڕیزگرتن لە ئاڵاو[302] سروودە نیشتمانیەکەی.

---

عەرەبستانی سعودیە و ئێران و وڵاتانی تر و هەوڵی تێکدانی بارودۆخی دیمۆگرافی و ئاساییشی کوردستان بدەن. ئەگەرچی لە بڕگەی دووەمدا کەمێك باسی ئەمەکراوە, بەڵام باشتروایە لە یەك بڕگەدا بەڕوونی روونبکرێتەوە.

297 ئاشتیخوازانە و

298 لێکنزیکبوونەوەی

299 ئایینییەکانی

300 ڕێکدەخرێت

301 دەستووره و

302 ڕێزگرتن لە ئاڵا و



2ـ نابێت حیزب لقی پارتێکی بێگانە یان پاشکۆ بێت بۆ بەرژەوەندیەکانی[303] لایەنێکی بیانی.

3 ـ ئەو حیزبەی هەوڵ بدات لە ڕێگای ئامانجەکانی، یان چالاکی[304]، یان[305] زیان بە سیستەمی بنەڕەتی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ[306]، یان لای بەرێ[307]، یان هەڕەشە لە یەکپارچەیی هەرێم، یان پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی بکا[308] بە

---

ئەم بڕگەیەی کۆتایی زۆرباشە. هەموومان دەزانین کە عەلی باپیری ڕابەری کۆمەڵەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستاندا لە کاتی لێدانی سروودی ئەیڕەقیب هەڵنەستا و بێڕێزییەکی زۆری بە خەڵکی کوردستان کرد. کەسێك نەبوو پێی بڵێ کابرا هەڵسته بڕۆ دەرەوە و ئەوەی ڕێزی سروودی نیشتمانی نەگرێت, نابێت لێرەدا دابنیشێت. بەڵام ئێستا و بەپێی ئەم مادەیە, دەبێت ئەگەر شتێکی واهی ڕوویدا, عەلی باپیر بەر لێپرسینەوە بکەوێت. چونکە بێدەستووریی کردووە.

303 بەرژەوەندییەکانی

304 چالاکییەکانی

305 وشەی یان لێرەدا پێویست ناکات و بەتەواوەتی بڕگەکەیی لەنگ کردووە.

306 بگەیەنێت

307 لایبەرێت

308 بکات,

سەرپێچیکاری[309] دەستوور دادەندرێ[310] و دادگای دەستووریش لایەنی تایبەتمەندە بۆ بڕیار دان[311] لەسەر ئەو سەرپێچیە[312] دەستووریەی[313] دراوەتە پاڵی و رادەی مەترسیداری سەرپێچیەکە[314].

4 ـ هەر قەوارە، یان ڕێبازێك پەیڕەوی لە بیروباوەڕێکی فاشی، ڕەگەزپەرستانە، تیرۆریستی، بە کافر دانان، پاکتاوی ڕەگەزی یان ئایینی بکا[315]، هاندەری بێت، ڕێی بۆ خۆش بکات، پێیدا هەڵبدات، برەوی پێ بدات یان پاساوی بۆ بێنێتەوە[316] قەدەغە دەکرێ[317] و کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پابەندن بە بەربەرەکانیکردن دژی هەموو شێوەکانی تیرۆرو[318]

---

309 سەرپێچکاریی

310 دادەنرێت

311 بڕیاردان

312 سەرپێچییە

313 دەستوورییەی

314 مەترسیداریی

لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە بە رستەی ناتەواو کۆتایی دێت و خوێنەر خۆی ناچار دبێت مەبەستەکان پێکەوە گرێبدات!.

315 بکات

316 ,

317 دەکرێت

318 تیرۆر و



کارکردن بۆ پاراستنی خاکی هەرێم لەوەی ببێتە بنکە، بەردەبازی هاتوچۆ، یان گۆڕەپان بۆ چالاکیەکانی[319].

5ـ حزب دەبێ[320] داهات و سەرچاوەکەی و چۆنیەتی[321] بەکارهێنانی بۆ دسەڵاتی[322] یاسایی تایبەتمەند ئاشکرا بکات[323].

نۆزدەهەم: دەرکردنی بە کۆمەڵ قەدەغەیە[324].

بیستەم: هەموو کەس لە چوارچێوەی یاسادا مافی خاوەندارێتی و میرات و وەسیەتکردن[325] لەو ماڵو[326] موڵکەی دا هەیە کە لە ڕێگایەکی ڕەواوە بە

---

319 چالاکییەکانیان

ئەم بڕگەیەش هەر بە رستەی ناتەواو کۆتایی دێت.

320 دەبێت

321 چۆنیەتیی

322 دەسەڵاتی

323 ئەگەر حیزب نەبێتە کۆمپانیا, وەك پارتی و یەکێتی و زۆرینەی حیزبەکانی تری کوردستان و پابەندبێت بە بەرنامەکانییەوە, ئەوا ئەم بڕگەیە هیچ پێویست نییە لە دەستوورەکەدا ببێت.

324 ئەم بڕگەیەم زۆر پێسەیرە! بۆچی قەدەغە بێت ئەگەر بۆ حیزبێت دەرکەوت کۆمەڵێك لە ئەندامەکانی خەریکی ئاژەوەچێتی یان سیخوڕین بۆ لایەنێکی دەرەکی؟!. دەبێت ئەم بڕگەیە باشتر روونبکرێتەوە کە لە چ بارودۆخێکدا قەدەغەیە.

325 وەسیەتکردنی

دەستی هێناوە، خاوەندارێتی[327] تایبەتی پارێزراوەو[328] نابیّ[329] لێی وەربگیریّ[330]، یان بێبەش[331] بکرێت، مەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی و بە پێیّ یاسا بێت[332]، ئەویش بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە و

326 ماڵ و

327 خاوەندارێتیی

328 پارێزراوە و

329 نابێت

330 وەربگیرێت

331 لێی بێبەش

332 خاوەندارێتیی تایبەتی, بەهەر هۆیەك بێت نابێت خاوەنەکەیی لیّ بێبەش بکرێت, تەنانەت بۆ بەرژەوەندیی گشتیش, ئەگەر خاوەنەکەی رازی نەبوو. لێرەدا بەپێویستی دەزانم نموونەیەك بهێننمە. هێڵی 17ی تراموەیی شاری لاهای کە چەند ساڵێك دەبێت دروستکراوە, بەپێی نەخشەکەی دەبووایە کاتی خۆی قاوەخانەیەکی بۆ تێکبدرایە لە سنووری شارەوانیی رایسڤایك. قاوەخانەکە ناوی "دی هاڵفە مان – نیو مانگ" بوو بەهیچ جۆرێك رازی نەبوو لە پێناوی ئەو هێڵی 17یەدا کە ناوەندی شاری لاهایی بە شارەوانیی رایسڤایکەوە دەبەستەوە تێکبدرێت. ناچار هێڵی 17یان بەبەردەمیدا برد!. ئەگەر خاوەندارێتیی تایبەتی رێزی هەبێت, پێویستە بەوشێوەیە رێزی لێبگیرێت.



دەستبەجیّ، کە لە کاتی دەست لیّ هەڵگرتنی خاوەنەکەی تیّ نەپەڕیّ[333]، مەگەر بە ڕەزامەندی[334] خۆی بێت.

ماددەی (20) یەکسانی

یەکەم: هەموو کەس بەرامبەر بە یاسا یەکسانە.

دووەم: هەموو چەشنە جیاکاریەك[335] لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەگ[336]، زمان، پێگەی کۆمەڵایەتی، وڵاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، ئایدیۆلۆژی، تەمەن، باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان[337] کەم ئەندامی قەدەغەیە.

بنەمای یەکسانیش کۆسپ ناخاتە پێش سڕینەوەی شوێنەوارو[338] دەرهاویشتەکانی ئەو ستەمەی لە ڕابردوودا لەلایەن ڕژێمە فەرمانڕەواکانی پێشووەوە دەرهەقی هاوڵاتیانی کوردستان–عیراق و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانیەکان[339] کراوە.

333 تێنەپەڕێت

334 ڕەزامەندیی

335 جیاکارییەك

336 هەر پیتێکی "ر" لە زمانی کوردیدا لە پێشەوەی وشەدا بێت "ر"ی قەڵەوە و پێویست بەو هەفتەی ژێری ناکات.

337 و

338 شوێنەوار و

339 زمانەوانییەکانی

سێیەم: پیاوو[340] ژن بەرامبەر بە یاسا وەك یەكن و حكومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات هەموو كۆسپێك لە رێگای یەكسانی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسی و كۆمەڵایەتی ورۆشنبیری[341] و ئابووریەكاندا[342] لابەرێ[343] و حكومەتی هەرێم دەبێت ئەو مافانەی لەم دەستوورەو[344] لەو پەیماننامانەدا هاتوون كە لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە پەسەند كراون بۆ هەمووان دەستەبەر بكات.

ماددەی (21)　مافی هاونیشتمانی

یەكەم: هەر هاوڵاتیەك[345] (18) ساڵ لە تەمەنی تەواو كردبێت مافی دەنگدانی هەیە لەهەر هەڵبژاردن، یان راپرسیەك[346] دا كە لەو ناوچەیەی لێی دادەنیشێ[347] لە هەرێمی كوردستاندا رێك دەخرێت.

340 پیاو و

باشتر وایە بگووترێت ژن و پیاو. ئەمە لە هەموو زمانێكدا ژن, پێشی پیاو دێت. تێڕامێنن ئەوانەی ئەم دەستوورەیان هۆنیوەتەوە تەنانەت ئەتەكێتی شارستانیشیان نەبووە.

341 و رۆشنبیری

342 ئابوورییەكاندا

343 لابەرێت

344 دەستوورە و

345 هاووڵاتییەك

346 راپرسییەكدا



دووەم: هەر هاوڵاتیەك[348] 18 ساڵی تەواو كردبێت بۆی هەیە پۆستە گشتیەكان وەربگرێت[349].

سێیەم: ئازادی نیشتەجێ بوون و هاتوچۆ و گەشت (سفر) [350] لە چوارچێوەی یاسادا دەستەبەر كراوە.

چوارەم: هەموو هاوڵاتییەك[351] بۆی هەیە سكاڵا یان عەرزوحاڵ بداتە كاربەدەستانی هەرێم و ئەوانیش بۆیان نیە وەرینەگرن، هەروەها مافی ئەوەی

347 دادەنیشێت

348 هاووڵاتییەك

349 دەبووایە پێناسەی پۆستە گشتییەكان بكرایە. گشتی چییە و تایبەتی چییە.

350 زۆرجار بەشێوەیەكی ناپێویست وەرگێڕانی وشەیەكی عەرەبی بە كوردییەكەوە نراوە. ئەمە لاوازیی زمانەكەمان دەردەخات و هەموو كەسێك دەزانێت بۆ نموونە گەشت چییە! ئیدی چ پێویست دەكات لە دوایەوە بە عەرەبی بنووسرێت.

351 هاووڵاتییەك

لێرەدا بەپێویستی دەزانم دوو تێبینی لەسەر ئەم وشەیە بنووسم:

1- وشەی هاووڵاتی بۆ دەستوور و دەقی یاسایی زۆر گرنگە و زۆربەی تەوەرەكان بە دەوریدا دەخولێنەوە. هاووڵاتی هەر دەبێت بە دوو پیتی "و" بنووسرێت. هەروەك چۆن وشەی هاونیشتمانی بە یەك دانە. یەكەمیان هی پێشگری "هاو"ە و دووەمیان هی خودی وشەی وڵاتە. نازانم بۆچی لەم

هەیە وەڵامێکی خێراش وەربگرێتەوە. وەرنەگرتنی سکاڵا یان درەنگ وەڵامدانەوەی بەبێ پاساوێکی یاسایی، بەرپرسێتیی یاسایی دێنێتە کایەوە.

ماددەی(22) مافی دادگایی کردنی[352] دادپەروەرانە:

یەکەم: لایەنی لێکۆلینەوە دەبێ[353]، لە ماوەی 24 سەعاتدا[354] لە کاتی گیرانی تۆمەتبارەوە، پەڕاوی لێکۆڵێنەوەکە بداتە دادوەری تایبەتمەند و

---

دەستوورەدا بەڕاستی نەنووسراوە. ئەگەر هاوولاتی بەیەك واو بنووسرێت ئەوا رەوایە کە وشەی هاونیشتمانیش بە "هانیشتمانی" یان "هاویشمانی" بنووسرێت.

2- پاشگری "یەك" بچێتە سەر هەر وشەیە دەیکاتە ئارتیکلێنگ. هەندێکجار ئەم "یەك"ە دەبێتە "ێك" ئەگەر وشەکە بە تیپی بزوێن کۆتایی نەهات و دەنگدار بوو. ئەمە تاڕادەیەك یەکێکە لە رێساکانی رێزمانی کوردی بۆ ئارتیکلێگی نادیار. بۆ نموونەی دووەم وەك شارێك, باخێك. بەلام هەرکاتێك وشەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هات, وەك شانۆ, دەبێت بنووسرێت شانۆیەك. ئەگەر بە پیتی "ی" کۆتایی هات کە ئەمە زۆر بەرچاوە, ئەوسا دەبێت ببێتە دوو "ی" و هەندێکجارێك سێ "ی". وەك هاوولاتییەك, نەك هاوولاتیەك یان وەك لەم دەستوورەدا هەیە هاولاتیەك. واتە دووجار رێنووسەکەی هەڵەیە.

352 دادگاییکردنی

353 دەبێت

354 کاژێردا



نابێ[355] ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە، مەگەر بۆ جارێك و ئەویش هەر بۆ هەمان ماوە بێت.

دووەم: نابێ[356] هیچ کەسێك دەستبەسەر بکرێ[357] و گرتن، بەندکردن یان زیندانیکردن، تەنیا بە پێی یاسا وبەبڕیارێك[358] کە لایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند دەریکردبێ[359] ڕەوایە. پێویستە کەسی دەستەبەسرکراو[360]

---

من نازانم کاژێر تا چ رادەیەك راستە و بەرامبەری سەعاتی عەرەبی دێتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە وشەیەکمان بە کوردی ببێت بۆچی بەکارینەهێنین و واز لە وشە بێگانەکان نەهێنین. بۆ نموونە, وشەی تەلەفون بە عەرەبی "هاتف"ە, کەم بیستوومە عەرەبێك بلێت هاتف لە جیاتیی تەلەفون. بەلام لە تێکستە یاساییەکانیاندا هەر دەنووسن هاتف. رادیۆش هەر بەو شێوەیە, هەر دەنووسن "المذیاع".

355 نابێت

356 نابێت

357 بکرێت

لێرەدا دەبێت خاڵ دابنرێت لەجیاتی ئەو واوە. گرتنیش ببێتە سەرەتای رستەیەکی نوێ.

358 و بە بڕیارێك

359 دەریکردبێت

360 دەستبەسەرکراو

دەستبەجیٚ و بە زمانی خۆی لەم[361] تۆمەتە ئاگادار بکریٚ[362] کە دراوەتە پاڵی. تۆمەتبار بۆی هەیە کۆمەك لە پارێزەرێك وەربگریٚ[363] ئەگەر تۆمەتبارەکەش بۆ خۆی پارێزەرێکی نەبوو داکۆکی لیٚ بکات، دەبیٚ[364] دادگا لەسەر خەرجیی حکومەت ولە[365] هەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوە ودادگاییکردندا، پارێزەرێك بگریٚ[366] بۆ بەرگریکردن لەو کەسەی تۆمەتی تاوان، یان کەتنێکی دراوەتە پاڵ.

---

361 لەو

362 بکرێت

کۆتایی ئەم رستەیە زۆر لەنگە و لەسەر شێوازی عەرەبییە و باشترە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

دەستبەجیٚ و بە زمانی خۆی لەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵی, ئاگادار بکرێت.

363 وەربگرێت,

364 دەبێت

دەبێت, لێرەدا فەرمانێکی دیکتاتۆرانەیە و دەبێت بگووترێت ئەگەر تۆمەتبار پێی رازیبوو, مەرج نییە هەموو کەسێك پێویستیی بە پارێزەر ببێت یان بیەوێت پارێزەرێك داکۆکیی لێبکات! . ئەمە پێچەوانەی ئازادییەکانی تاکە! . لە راستیدا زۆربەی پرنسیپەکانی ئەم دەروازەیە, وەرگێڕانی کتومتی دەستوورە عەرەبییەکانە! .

365 و لە

366 بگرێت



سێیەم: تۆمەتبار بیٚ تاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگاییکردنێکی یاسایی و دادپەروەرانەدا تۆمەتەکەی لەسەر ساغ دەبێتەوە،[367] تۆمەتبار پاش ئازادکردنی، جارێکی دیکە هەر بەو تۆمەتە دادگایی ناکرێتەوە، مەگەر بەڵگەی نوێی لەسەر دەرکەوتبن.

چوارەم: هەموو کەس مافی هەیە لە دادگایەکی تایبەتمەندو[368] خێراو[369] دادپەروەرانەدا دادگایی بکریٚ[370].

پێنجەم: بە بیٚ دەقێکی یاسایی، نەتاوان[371] هەیە و نە سزا وناکریٚ[372] هیچ کەس بە کردن، یان بە نەکردنی کارێك کە لە کاتی ئەنجامدانیدا تاوان نەبووە[373] سزا بدریٚ[374].

شەشەم:

1–کاریگەریی یاسا بۆ دواوە ناگەرێتەوە، مەگەر دەقێك بە پێچەوانەی ئەمەوە هەبێت. ئەم هەڵاوێردنەش باج و ڕەسمەکان ناگرێتەوە.

---

367 لێرەدا دەبێت کۆتایی بە رستەکە بێت و خاڵ دابنرێت.

368 تایبەتمەند و

369 خێرا و

370 بکرێت

371 نە تاوان

372 ناکرێت

373 ,

374 بدرێت

2–کاریگەریی یاسای سزایی[375] بەرەودواوە ناگەڕێتەوە، مەگەر لە بەرژەوەندی[376] تۆمەتبار بێ[377].

حەوتەم[378]: سزا شتێکی (شخصی) کەسیە.

هەشتەم: نابێ[379] سزایەکی توندتر لەوەی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا کاری پێکراوە لەسەر کەس بسەپێندرێ[380].

نۆیەم: نابێ[381] کەس لەسەر تاوانێك دادگایی بکرێ[382]، یان سزا بدرێ[383] کە پێشتر تێیدا، بە پێی یاسا، بێ تاوان دەرچووە، یان لەسەری حوکم دراوە.

دەیەم: نابێ کەسانی سیڤیل (مەدەنی) [384] لە دادگایەکی سەربازیدا دادگایی بکرێن.

---

375 یاسای سزاکان

376 بەرژەوەندیی

377 بێت

378 هەفتەم

379 نابێت

380 بسەپێندرێت.

381 نابێت

382 بکرێت

383 بدرێت

384 ,



یازدەم[385]: نابێ[386] کەس بگێرێ[387] یان زیندانی بکرێ[388]، لەو شوێنانە نەبێ[389] کە بە پێی یاسا بۆ ئەم مەبەستە دیارکراون[390]، ئەوانیش دەبێ[391] چاودیری[392] لەش ساغیی کۆمەڵایەتیان[393] بەسەرەوەبێ[394] و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بن.

دوازدەم[395]: دەبێ[396] ڕێز لە بیر و باوەری ئایینی و بنەما ڕەوشتیەکانی[397] زیندانیان بگیرێ[398].

---

385 یازدەیەم

386 نابێت

387 بگیرێت

388 بکرێت

389 نەبێت

390 دیاریکراون

391 دەبێت

392 چاودێریی

393 کۆمەڵایەتییان

394 بەسەرەوەبێت

395 دوازدەیەم

396 دەبێت

397 ڕەوشتییەکانی

398 بگیرێت

بەشی دووەم

مافە کۆمەڵایتی[399] و ئابوورییەکان

ماددەی (23)

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی خانەوادەی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان–عیراق و پێشمەرگەو[400] خانەوادەی قوربانیانی[401] ئەنفال و کیمیاباران و ئەو کەسانە دەستەبەردەکات کە لە ئاکامیاندا تووشی نەخۆشی[402] هەمیشەیی بوون. ئەوانە، بە خۆ بە[403] منداڵەکانیانەوە، ئەگەر شیاوی کارەکە بن، بە پێی یاسا، پێش دەخرێن لە کاتی رەخساندنی هەلّی[404] کارکردن.

---

399 کۆمەلایەتی

400 پێشمەرگە و

401 قوربانییانی

402 نەخۆشیی

403 بەخۆ و
کۆتایی ئەم برگەیە زۆر لەنگە و بەجۆرێکی وا کە نەتوانرێت بەتەواوەتی مەبەستە یاساییەکەی روونبکرێتەوە.

404 هەلی



دووەم: دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی فیدراڵی عێراق بەرپرسیارێتی[405] دەستووری و یاسایی و ئەخلاقی[406] خۆی لەئەستۆ بگری[407]، بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتکردنی حکومەتە ناوەندیە[408] یەك لە دوای یەکەکان دژی قوربانیانی ناوبراو لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا، بە بەندکراوە سیاسیەکان[409] و زیانلێکەوتووانیشەوە، ئەمەش بە قەرەبووکردنەوەیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە دابینکردنی سەرچاوەی ژیانێکی سەربەرزانە و چاودێریکردنی تەندروستیان[410].

ماددەی (24)

یەکەم: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی تەواوی هەبێ[411] بۆ ئەوەی سەربەرزانە بژی کە خۆراك و پۆشاك و خانووبەرەوەشی[412] دەگرێتەوە.

---

405 بەرپرسیارێتیی

406 ئەخلاقیی

407 بگرێت

408 ناوەندییە

409 سیاسییەکان

410 تەندروستییان.

411 هەبێت

412 خانووبەرەش

دووەم: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە دەستی بە چاودیریی[413] لەش ساغی[414] و چارەسەریی[415] پزیشکی رابگا[416]، بێ لەبەر چاو گرتنی[417] توانای خەرجیەکانی[418].

سێیەم: هەموو کەس مافی بیمەی کۆمەڵایەتی[419] هەیە، بە تایبەتی لە کاتی دایکایەتی و نەخۆشی و بێکاری و پێکران و پەککەوتەیی و نەبوونی سەرچاوەی گوزەران، کە بە هۆیەکی بەدەر لە ویستی خۆیەوە بێ[420]، وله حاڵەتی پیری و لانەوازەییدا[421].

چوارەم: کەس ناچارناکرێت کارێك، یان فەرمانێك بەبێ خواهیشتی خۆی ئەنجام بدات.

---

413 چاودێریی

414 لەشساغی

415 چارەسەری

ئەو شوێنانەی کە دەبێت دوو "ی" بن, یەکێکن! کەچی لێرەدا دەبێت یەك "ی" بێت! کراوەتە دوو.

416 رابگات

417 لەبەرچاوگرتنی

418 خەرجییەکانی

419 کۆمەڵایەتیی

420 بێت

421 رستەی ناتەواو!



پێنجەم: کرێکار مافی ئەوەی هەیە بۆ کاری یەکسان هەقدەستی یەکسان وەربگرێ[422] و بە یاساش پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار[423] لەسەر بنەماکانی ئابووری[424] رێکدەخرێ[425]، لەگەڵ ڕەچاو کردنی[426] رێساکانی دادپەروەری و کۆمەڵایەتی.

ماددەی (25)

پێویستە کاربەدەستانی هەرێم چاودیری[427] خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان[428] بکەن وڕایان بهێنن[429] بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵ بن، ئەمەش بە یاسایەك رێکدەخرێت.

ماددەی (26)

---

422 وەربگرێت

423 خاوەنکار

424 بنەما ئابوورییەکان

425 رێکدەخرێت

426 رەچاوکردنی

427 چاودێریی

لەڕاستیدا هەموو کاربەدستێکی هەرێم کاری ئەم چاودێرییە نییە, دەبووایە بنووسرایە لایەنی پەیوەندیدار. هەر کاربەدەستێك هەڵستا و بووە چاودێر! چۆن دەبێت؟!.

428 پێداویستییە تایبەتییەکان

429 و رایانبهێنن

حکومەتی هەرێم مافی دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراو و یەکێتیە[430] پیشەییەکان و چوونەناوی بەئازادانەیان دەستەبەر دەکاو[431] ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخریٚ[432].

ماددەی (27) فێرکردن و خێزان

یەکەم: حکومەتی هەرێم خوێندنی بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی بنەڕەتی و دواناوەندی و زانکۆیی، هەروەها ڕاهێنانی پیشەیی و فێرکردنی تەکنیکی دەستەبەر دەکا[433]. خوێندن تا تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە[434].

دووەم: حکومەتی هەرێم هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ئەستۆ دەگرێت.

---

430 یەکێتییە

431 دەکات و

432 ڕێکدەخرێت

433 دەستەبەردەکات

434 تەویزمییە

ئەگەر قۆناغی بنەڕەتی, مەبەست لەو شەش ساڵەی سەرەتاییە بێت, ئەوا زۆرکەمە. دەبێت نۆ پۆل تەویزمی بێت. واتە لە یەکی سەرەتاییەوە تاوەکو سێی ناوەندی. دەرچووی شەشی سەرەتاییش تاڕادەیەك نەخوێندەوارە !.



سێیەم: خێزان کرۆکی بنەڕەتی[435] کۆمەڵگایە، لەم ڕوانگەیەوەش پێویستە دایکان و منداڵان بپارێزرێن و چەوساندنەوەی ئابووریی منداڵان قەدەغە بکریٚ[436].

چوارەم: حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و پاراستنی ئەو ژنانە لە ئەستۆ دەگریٚ[437]، کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی، دڵنەوایی[438] خێزانییان لە دەستداوە[439].

پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاکاری و توندوتیژی و ناهەقی لە نێو کۆمەڵگا و قوتابخانەو[440] خێزاندا قەدەغە دەکریٚ[441].

ماددەی (28) مافی بە کاربەران[442] (المستهلك)

---

435 بنەڕەتیی

436 بکرێت.

لەم مادەیەدا دەبووایە ئاماژە بە یاسای کار بکرایە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە.

437 دەگرێت

438 دڵنەواییی

439 لەم مادەیەدا دەبووایە بڕگەیەك ئاماژەی بۆ ئەو دیاردەی ژنکوژییە بکردایە کە لە کوردستاندا هەیە و بەشێوەیەکی ئاشکرا دژی بوەستایەتەوە و بە ئاماژەکردن بۆ یاسای سزاکان کۆسپی بۆ دابنایە.

440 قوتابخانە و

441 دەکرێت

پێویستە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پارێزگاری لە مافەکانی بە کاربەران[443] بکەن و بواری یاساییان[444] بۆ پێك بێنن[445] بۆ ئەوەی[446] توانای بەرگریان[447] هەبێ[448] لە مافەکانیان و کۆمەڵە و یەکێتیی تایبەت بەخۆیانەوە دابمەزرێنن.

بەشی سێیەم

مافە نەتەوەیی و ئایینیەکانی[449] پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان–عیراق

ماددەی (29)

442 بەکاربەر یەك وشەیە و رێنووسیشی دەبێت بەسەریەکەوە بێت. بەکارهێنیش هەمان واتای بەکاربەی هەیە.

443 بەکاربەران

444 یاساییان

445 پێکبهێنن

446 بۆئەوەی

447 بەرگرییان

448 هەبێت

449 ئایینییەکانی



ئەو کەسانەی سەر بە[450] یەکێك لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانن[451] لە هەرێمدا مافی ئەوەیان هەیە بە ناوی خۆیانەوە بەفەرمی بناسرێن و مافی ئەوەشیان هەیە، ، ناوی شوێنە خۆجییە[452] نەریتیەکانیان[453] بە زمانی خۆیان بەکار بێنن[454]، لەگەڵ پابەندبوونیان بە حوکمەکانی یاسای زمانەکانی کارپێکراو[455] لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی (30)

یەکەم: نابێ[456] حوکمەکانی باری کەسێتیی پەیڕەوانی ئایینێك لە سەر[457] پەیڕەوانی ئایینێکی دیکەدا بسەپێندرێن.

450 سەربە

451 ئایینییەکانن,

452 خۆجێییە

453 نەریتییەکانیان

454 بەکاربهێنن

455 ئەمە وەرگێڕانێکی وشەییە لە عەرەبییەوە و دەبووایە بنووسرایە زمانە کارپێکراوەکان.

456 نابێت

457 لەسەر

ئەم بڕگەیە دژایەتیی مادەی 6ی هەمان دەستوور دەکات. پوختەی مادەی شەش ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووەتە حکومەتێکی ئیسلامی. بەپێی ئەم بڕگەیە ئەگەر ژنێکی موسوڵمان شوویکرد بە فەلەیەك,

دووەم: پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی نا موسوڵمان[458] وەك مەسیحی و ئێزدیەکان وهیدیکە[459]، بۆیان هەیە ئەنجومەنی ئایینی خۆیان دابمەزرێنن و پەیڕەوی لە حوکمەکانی تایبەت بە باری کەسێتیان[460] بکەن کە بە یاسا دیار[461] دەکرێن و دادگای ماددە کەسیەکانیش[462] لێیان دەڕوانیٚو[463] حوکمەکانی ئەم یاسایانەی پێوەندیان بە ماددە کەسیەکانی ئەوانەوە هەیە، هەتا بەیاسایەك هەمواردەکرێن، یان هەڵدەوەشێنرێنەوە، کاریان پیٚ دەکریٚ[464].

---

ژنە موسوڵمانەکە بۆی نییە پیاوە فەلەکە بکاتە موسڵمان. ئەمەش پێچەوانەی ئایینی ئیسلام و خودی مادەی 6ی دەستوورەکەیە و بوونی ئەم بڕگەیەش لە دەستوورەکەدا دەکاتە موجامەلەیەکی بێنرخی نێوان ئایینەکان کە بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە پراکتیکردنی کفرە.

458 ناموسوڵمان

459 و هیی دیکە,

460 کەسێتییان

461 دیاری

وشەی دیار و دیاری جیاوازن. دیار, بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە شتێك بۆ نموونە دیار بێت. بەڵام دیاری بۆ ئەوەیە کە شتێك دیاری بکرێت.

462 کەسییەکانیش

463 دەڕوانێت و

464 دەکرێت.



ماددەی (31) پابەند بوونی[465] کاربەدەستان بە دەستەبەرکردنی یەکسانیەوە

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەبیٚ[466] بنەمای یەکسانیەکی[467] کارا دەستەبەر بکەن و کاربکەن بۆ بەدیهێنانیان لەنێو خەڵکانی سەر بە[468] پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانداو[469] کەشێکی دابینکەر ئامادە بکەن کە ناسنامەیان بپارێزریٚ[470] و ڕێکاری پێویست بۆ پتەوکردنیشی بگرنەبەر.

ماددەی (32) پابەند بوونی[471] کاربەدەستان بە دوورکەوتنەوە لە دوورخستنەوەی بەزۆرەملیٚ

---

465 پابەندبوونی

466 دەبێت

467 یەکسانییەکی

468 سەربە

469 ئایینییەکاندا و

470 بپارێزرێت

لە ڕاستیدا ئەم مادەیە لە دەستوورەکەدا زیادەیە. ئەگەر دەستوور کاربە پرنسیپی یەکسانی بکات, وەکو پێشتر باسیکردووە, واتە یەکسانی بۆ هەر هاووڵاتییەك. ئیتر چ پێویست دەدات دیسانەوە باسی نەتەوە و ئایین بکرێت. ئەمە دووبارەیەکە و هیچی تر.

471 پابەندبوونی

یەکەم: کاربەدەستانی هەرێم دەبێ[472] کەسانی سەر بە[473] پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان[474] بپارێزن لە گرتنەبەری هەر ڕێکارێك بە مەبەستی دوور خستنەوەیان بە زۆرەملێ. و دەبێ[475] پشتیوانیان[476] لێ بکەن و هانیان بدەن بۆ دامەزراندنی رابیتەو[477] کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیانەوەو[478] بەردەوامبوونیان[479].

472 دەبێت

473 سەربە

474 ئایینییەکان

475 دەبێت

ئەو پیتی "و"ە زیادەیە.

476 پشتیوانییان

477 رابیتە و

ئەم وشە ناشرینە دەبێت لە دەستوورەکە دەربهێنرێت

478 بەخۆیانەوە و

479 ئەم برگەیەش زیادەیە. پێشتر باسی دامەزراندنی کۆمەڵ و یەکێتییەکان کراوە بۆ هاوولاتییان بەگشتی, ئیتر بۆچی دەبێت لێرەدا نەتەوەی تر و ئایینی تر جوودابکرێنەوە و بەتایبەتی ئەم برگەیەیان بۆ بنووسرێت. ئەمە لەباری یاساییەوە دووبارەیە.



دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە نەهێشتنی گۆڕینی بە[480] ئەنقەست لە ڕێژەی دانیشتوان لەو ناوچانەی کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، یان ئایینی[481] لێ دەژیت، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر پرۆسەی سڕینەوەی شوێنەواری بە عەرەبکردن و ڕاگوێزانە زۆرەملێیەی[482] کە ڕژێمی بەعس لە کەرکووك وناوچەکانی[483] دیکەی کوردستان–عیراق ئەنجامی داوون.

ماددەی (33)

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بنەمای ڕێزلێکگرتن پتەو دەکەن لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا کەلە[484] هەرێم نیشتەجێن، بە تایبەتی لە بوارەکانی خوێندن و راگەیاندن و ڕووناکبیری[485] گشتیدا و هەڵومەرجی[486]

480 بەئەنقەست

481 ئایینیی

دەبووایە بگووترایە لەو ناوچانەی کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئایینیی جیا لە کوردی لێ دەژیت,

482 زۆرەملێیەکەی

483 و ناوچەکانی

484 کە لە

485 ڕووناکبیریی

486 هەلومەرجی

پێویست دەرەخسێنن بۆ ئەوەی کەسانی سەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان[487] بەشداریەکی[488] کارایان لەگشت بوارەکانی ژیاندا هەبێ[489].

ماددەی (34)

هەر پێکهاتەیەکی ئایینی لە هەرێمدا مافی خۆیەتی ئەنجومەنێك بۆ گەشە پێدان و ڕێکخستنی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلەپووریی خۆی دابمەزرێنێ[490] و پەرەی پێ بدا[491]، ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ[492].

ماددەی (35)

ئەم دەستوورە مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری[493] وکارگێڕی دەستەبەر دەکات بۆ تورکمان، عەرەب، کلدان وسریان وئاشووری[494]، ئەرمەن بە مافی

487 ئایینییەکان

488 بەشدارییەکی

489 هەبێت.

490 دابمەزرێنێت

491 بدات,

492 ڕێکدەخرێت.

493 لە دەستوورەکەدا هەردوو وشەی ڕووناکبیری و ڕۆشنبیری بەکارهاتوون, دەبووایە یەکیان بەکاربهاتایە.

494 لەم دەستوورەدا کلدان و سریان و ئاشووری وەك یەك پێکهاتەی ئەتنی چاویلێکراوە. ئەمانە سێ نەتەوەی جوودان و دەبێت وەك تورکمان و ئەوەی کە نێوی لێنراوە "عەرەبی ڕەسەن" چاویان لێبکرێت.



ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەك زۆرینەی هەبێت. ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ[495].

ماددەی (36)

ئەو حوکمانەی لەو بەشەدا هاتوون سەرباری ئەو مافانەن کەلەم[496] دەستوورەدا بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان[497] هاتوون.

بەشی چوارەم

ڕێککەوتن و پەیماننامەو[498] یاسایە نێو دەوڵەتیەکان[499]

ماددەی (37)

سەرباری ئەو مافانەی لەم دەستوورەو[500] لە یاسای نێو دەولەتیدا[501] بۆی دەستەبەر کراون، هەرکەسێك مافی خۆیەتی کەڵك[502] لەو مافانەش

495 ڕێکدەخرێت.

496 کە لەم

497 ئایینییەکان

498 پەیماننامە و

499 یاسا نێودەوڵەتییەکان

500 دەستوورە و

501 دەوڵەتیدا

502 کەڵك

وەربگرێ[503] کەلە[504] ڕێککەوتننامەو پەیماننامەو بەڵێننامەو[505] جاڕنامە نێو دەولەتیەکانی[506] پێوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە هاتوون و عێراق چۆتە ناویانەوە، یان پەسندی کردوون.

ماددەی (38) پشتێنەی کۆتبەندکردنی مافەکان

یەکەم: نابێ[507] هیچ کۆتێك دابنرێ[508] لەسەر بەکارهێنانی ئەو مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریانەو[509] مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیانەی[510] کەلەم[511] دەستوورەدا دانیان پێدانراوە، مەگەر بەیاسا بێت، بەمەرجێ[512] ئەو کۆتەی دادەندرێت کرۆکی مافەکان نەپێکێت، ئەویش بە پێی پێویست وباو[513] بێت لە کۆمەڵگایەکی

503 وەربگرێت

504 کە لە

505 ڕێککەوتننامە و پەیماننامە و بەڵێننامە و

506 نێودەوڵەتییەکانی

507 نابێت

508 دابنرێت

509 رۆشنبیرییانە و

510 ئایینییانەی

511 کە لەم

512 بەمەرجێك

513 و باو



دیموکراتی[514] ئاشتیخوازی بنیاتنراو لەسەر فرەلایەنی وریزگرتن ویەکسانی وئازادیدا[515]. هەر کۆتێکیش بە پێچەوانەوەی ئەمەبێ[516] بەهیچ دادەندرێت.

دووەم: هەموو کەسێکی خاوەن بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ بۆی هەیە لەبەردەم دادگای دەستووریی هەرێمدا تانووت لەو یاسایە ئەو ڕێکارە، یان[517] بدات کە بە پێچەوانەی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، مافەکەی کۆتبەند کردووە.

دەروازەی سێیەم

دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق

ماددەی (39)

دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێن لە:

یەکەم: دەستەڵاتی یاسادانان.

دووەم: دەستەڵاتی جێبەجێکردن.

سێیەم: دەستەڵاتی دادوەری.

514 دیموکراتیی

515 و رێزگرتن و یەکسانی و ئازادیدا.

516 ئەمەوە بێت

517 ئەم "یان" دەبێت بچێتە دووای وشەی یاساوە.

## بەشی یەکەم
## پەرلەمانی[518] کوردستان–عیراق

ماددەی (40)

پەرلەمانی[519] کوردستان–عیراق دەستەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردانە لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی[520] گەلی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی لە دەنگدانێکی گشتیی ئازاد و ڕاستەوخۆی نهێنیدا هەڵدەبژێردرێن.

ماددەی (41)

یەکەم: شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی[521] کوردستان و چۆنیەتی[522] و کاتی ئەنجامدانی و ڕێژەی نوێنەرایەتی تیادا[523] بەپێی یاسا دیاردەکرێن[524].

---

518 پەڕلەمانی

519 پەڕلەمانی

520 چارەنووسسازەکانی

521 پەڕلەمانی

522 چۆنیەتیی

523 تیایدا

524 دیاریدەکرێن.



دووەم: لە سستەمی[525] هەڵبژاردنی ئەنداماندا نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ورێژەی[526] بەلای کەم، (30٪)ی کورسیەکانی[527] پەرلەمانی[528] کوردستان_عێراق بۆ ژنان لەبەر چاو دەگیرێ[529].

سێیەم: ئەندامانی پەرلەمان[530] نوێنەری گەلی کوردستان_عێراقن، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی سیاسی، نەتەوەیی، ئاییینی، یان ناوچەی هەڵبژاردنیانەوە.

ماددەی (42)

یەکەم: خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان[531] چوارساڵە[532]، کەلە[533] ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەیەوە دەست پێ دەکات[534].

---

525 سیستمی

526 و ڕێژەی

527 کورسییەکانی

528 پەڕلەمانی

529 دەگیرێت.

530 پەڕلەمان

531 پەڕلەمان

532 چوار ساڵ

533 کە لە

دووەم: پەرلەمان[535] لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی پازدە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی دوائاکامەکانی هەڵبژاردنەوە کۆدەبێتەوە، و ئەگەر هات و بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەی دەرنەچوو، هەر خۆی سەعات دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە کۆدەبێتەوە[536].

ماددەی (43)

پەرلەمان[537] یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بە سەرۆکایەتی[538] بە تەمەنترین[539] ئەندامی ئەنجام دەدات و سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری گشتی بە دەنگدانی نهێنی لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێردرێن.

534 ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێت کە لە نێوان هەردوو خولی پەڕڵەماندا ماوەیەکی کاتی بخورێت. هەندێکجار ئەو ماوەیە درێژدەبێتەوە بۆ چەند مانگێك, ئەمە پرنسیپێکی باش نییە بۆ خشتەی خولەکانی پەڕڵەمان.

535 پەڕڵەمان

بەمەبەستەوە بەردەوام ئەم وشانە ڕاستدەکەمەوە. هەمووومان بینیمان کە خولی پێشووی پەڕڵەمانی کوردستان سوێندیان دەخوارد, نیوەیان نەیاندەزانی سوێند بە گەل بخۆن یان بە گەڵ!. ئەمە ببووە نوکتە لەناو خەڵکیدا.

536 ئەم بڕگەیە هیچ ڕێزێك بۆ بانگهێشتنی سەرۆکی هەرێم دانانێت. ئەو بانگهێشتنە پێویست نییە. چونکە بانگهێشتن بکات یان نا, ئەوا پەڕڵەمان هەر کۆدەبێتەوە!.

537 پەڕڵەمان

538 سەرۆکایەتیی



ماددەی (44)

ئەندامی پەرلەمان[540]، پێش دەست بەکاربوونی[541]، ئەم سوێندە دەستووریە[542] دەخوا[543]:

{[544] بەخودای[545] گەورە سوێند دەخۆم کە بەرژەوەندی گەلی هەرێمی کوردستان و یەکێتی وکەرامەت و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان و سامانی

539 ئەمە پرنسیپێکی جوانە, جوانتر دەبوو ئەگەر بەشێوەیەکی دەوری جارێکیش گەنجترین ئەندامی پەڕڵەمان بێت و جارێکیش ئافرەت بێت.

540 پەڕڵەمان

541 دەستبەکاربوونی

542 دەستوورییە

543 دەخوات

544 ئەم کەوانەیە بۆ ماتماتیك و زمانی بەرنامەوانی – پڕۆگرامینگ و بابەتە زانستییەکان بەکاردێت!. دەبووایە کەوانەی ئاسایی دابنرایە.

545 پێشتر لەم دەستوورەدا ئەوەمان خوێندەوە, کە مرۆڤ سەربەستە و مەرج نییە هەموو کەسێك ئایینی هەبێت. بەکافردانانیش لەم دەستوورەدا تاوانە. کەواتە دەشێت ئەندامی پەڕڵەمان هەبێت و ئاتەیست یان بێ بڕوا بێت. ئیتر ئەم سوێندە دەبێت چ نرخێکی ببێت. کەسێك باوەڕی بەخودا نەبێت, بۆچی سوێندی پێ بخوات و بە گەورەی بزانێت. باشتر وایە تەنها بنووسرێت (سوێند دەخۆم...

گشتی[546] بپارێزم و پابەندی حوکمەکانی دەستوور بم و ئەرکی ئەندامەتی[547] بەڕاستی و دڵسۆزیەوە ئەنجام بدەم. }

ماددەی (45)

ئەندامی پەرلەمان، کە سوێندی دەستووری خوارد، بە دەست کێشایەوە[548] لە فەرمانەکەی خۆی دەژمێردرێ[549] و پاش تەواوبوونی ماوەی ئەندامەتیی پەرلەمان[550] بۆی هەیە بچێتەوە سەر فەرمانەکەی خۆی، یان فەرمانێکی هاوشێوەو[551] ماوەی ئەندامەتیی پەرلەمانیشی[552] بۆ مەبەستی پایەبەرزکردنەوە وقیدەم[553] و پلە پێدان و خانەنشینی بۆ ئەژماردەکرێ[554].

546 گشتیی

547 ئەندامەتیم

548 دەستکێشراوە

549 دەژمێردرێت

550 پەڕلەمان

551 هاوشێوە و

لە راستیدا ئەمە کاری دەستوور نییە ئەوە دەستنیشان بکات کە ئەندامی پەڕلەمان دووای تەواوبوونی ئەندامێتیی بچێتەوە سەر فەرمانەکەی خۆی یان فەرمانێکی هاوشێوە. ئەمە پەیوەندە بە ئازادیی تاکەوە و ئەندامی پێشووی پەڕلەمانیش لە رووی یاساییەوە دەبێتەوە تاکێکی ئاسایی کۆمەڵ.

552 پەڕلەمانیشی

553 و قیدەم



ماددەی (46)

نابێ[555] ئەندامەتیی[556] پەرلەمانی[557] کوردستان–عیراق لەگەڵ ئەندامەتیی[558] پەرلەمانی[559] فیدراڵ ، ئەنجومەنە[560] خۆجێیەکان[561] ، شارەوانی یان فەرمانبەریەتیی گشتی کۆبکرێتەوە.ئەندام[562] تەرخان دەبێ[563] بۆ کاری پەرلەمان[564] و لە ماوەی ئەندامەتی[565] پەرلەماندا[566] قەدەغەیە هیچ پیشەیەکی دیکە پیادەبکات.

ماددەی (47)

554 ئەژماردەکرێت.

555 نابێت

556 ئەندامێتیی

557 پەڕلەمانی

558 ئەندامێتیی

559 پەڕلەمانی

560 ئەنجوومەنە

561 خۆجێییەکان

562 . ئەندام

563 دەبێت

564 پەڕلەمان

565 ئەندامێتیی

566 پەڕلەماندا

یەکەم: پەرلەمان[567] لە ساڵیکدا[568] دوو خولی کارکردنی هەیە، ماوەی هەر یەکێکیان چوار مانگە، وپێڕەوی[569] ناوخۆی[570] چۆنیەتیی سازدانیان دیاردەکات[571].

دووەم: ئەوخولەی کاری پەرلەمان، کە بودجەی گشتی تێدا خرابێتە ڕوو، هەتا بودجەکە پەسند نەکرێ[572] کۆتایی نایە[573].

دەکرێ[574] خولی کاری پەرلەمان بۆ تەواوکردنی هەندێ[575] کاری دیکە، بەلای زۆری، بۆ ماوەی سی (30) ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، ئەگەر لەبەر گرنگیەکەی

567 پەڕلەمان

568 ساڵێکدا

569 و پێڕەوی

570 ناوخۆکەی

571 بەپێی ئەم بڕگەیەساڵ لە پەڕلەمانی کوردستان هەشت مانگە!. چوار مانگەکەی تری پشووە. ئەمە دەبێت لەگەڵ یاسای کاردا ڕێکبخرێت. ئەگەر فەرمانبەرێك لە ساڵێکدا یەك مانگ مۆڵەتی هەبێت, دەبێت ئەندامانی پەڕلەمانیش هەمان ماوەی پشوویان ببێت. پەڕلەمان ئەگەر لە ساڵێکدا هەشت مانگ کاربکات, ئەوا تەنها بۆ دانانی ئەو یاسایانەی کە لەم دەستوورەدا ئاماژەی پێکراوە و لە زۆر شوێندا دەڵێت ئەمە بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت, دەیان ساڵی دەوێت!.

572 نەکرێت

573 نایەت



درێژکردنەوەی دەویست[576]، ئەمەش بەداوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان بیست و پێنج کەس لە ئەندامانی پەرلەمان[577] دەبێ[578].

ماددەی (48)

نیسابی[579] یاسایی پەرلەمان[580] بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی بەدەست دێ[581] و بڕیارەکانیشی بە دەنگی زۆرینەی ئامادە بووان دەردەچن، مەگەر دەقێکی یاسا یان پێڕەوی ناوخۆ بە پێچەوانەی ئەوە[582] هاتبێ[583]،

574 دەکرێت

575 هەندێك

576 پێویستیی بەدرێژکردنەوە بوو,

577 پەڕلەمان

578 دەبێت

579 ئەم قیدەم و نیساب و زۆر وشەی تری بێگانەی ناو دەستوورەکە شوورەییە!. دەستووری هەرێمی کوردستان دەبێت زمانێکی پاراوی کوردی بێت!. ئێستا خۆم دەخەمە جێی کوردێکی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران و ئەم دەستووره دەخوێنمەوە, دەبێت چۆن لە وشەکانی قیدەم و نیساب و ئەوانی تێبگەم!.

580 پەڕلەمان

581 دێت

582 ئەوەوە

ئەگەر دەنگەكانیش وەك یەك بوون[584] سەرۆكی پەرلەمان[585] دەنگی یەكلاكەرەوەی هەیە.

ماددەی (49)

دە (10) ئەندامی پەرلەمان[586] دەتوانن پێشنیازیی[587] یاسایەك یان بڕیارێك پیشكەش بە پەرلەمان[588] بكەن.

ماددەی (50)

یەكەم: ئەندامی پەرلەمان[589] بۆی هەیە لەبارەی كاروباری ئەنجومەنی[590] وەزیران یان یەكێك لە وەزارەتەكانەوە، پرسیار بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی[591] وەزیران، یان جێگرەكەی یان یەكێك لە وەزیرەكانەوە پێشكەش بكات، و[592]

583 هاتبێت

584 ,

585 پەرڵەمان

586 پەرڵەمان

587 پێشنیازی

588 پەرڵەمان

589 پەرڵەمان

590 ئەنجوومەنی

591 ئەنجوومەنی

592 لێرەدا یان دەبێت "و" بێت یان ",".



یاسا و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان[593] ڕێكخستنی[594] ئەم كارە لەئەستۆ دەگرن.

دووەم: دە (10) كەس لە ئەندامانی پەرلەمان[595] بۆیان هەیە لێپرسینەوە لە سەرۆك، یان ئەندامانی ئەنجومەنی[596] وەزیران بكەن و گفتوگۆ لەسەر لێپرسینەوەكە ناكرێ[597] تا دوای هەشت ڕۆژ لە گەیشتنی داواكاریی لێپرسینەوەكە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران. ئەگەر لێپرسینەوەكەش داوای متمانەسەندنەوەی لە سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران یان یەكێك لە وەزیرەكانی لێكەوتەوە، ئەو كاتە متمانەسەندنەوە لە سەرۆك وەزیران بە ڕەزامەندی 3/2 دوو لەسەر سێی[598] ئەندامانی پەرلەمان[599] و لە وەزیر بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای[600] ئەندامانی پەرلەمان[601] دەبێ[602].

593 پەرڵەمان

594 ڕێكخستنی

595 پەرڵەمان

596 ئەنجوومەنی

597 ناكرێت

598 بگووترێت دوو بۆ سێی زۆر جوانترە. دوو لەسەر سێ زۆرتر بۆ مادەی ماتماتیك بەكاردێت.

599 پەرڵەمان

600 رەهای

601 پەرڵەمان

ماددەی (51)

سەرۆکی پەرلەمان[603] و جێگرەکەی و سکرتێری گشتیی وئەندامانی[604] پەرلەمان[605] شایانی چەند ماف و ئیمتیازێکن کە سەربەخۆیی وڕوشێکی[606] ژیانی گونجاویان بۆ دابین بکەن، ئەمەش بە یاسایەك دیاردەکرێن و ڕێکدەخرێن.

ماددەی (52)

وردەکاریی[607] و بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمان[608] و چۆنیەتی بەستنی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنیان و حاڵەتەکانی کۆتایی هاتنی[609] ئەندامەتی و چۆنیەتیی پڕکردنەوەی کورسیە چۆلەکان[610]

---

602 دەبێت
603 پەرڵەمان
604 و ئەندامانی
605 پەرڵەمان
606 و رەوشێکی
607 وردەکاری
608 پەرڵەمان
609 کۆتاییهاتنی
610 کورسییە چۆڵەکان



بە یاسای پەرلەمان[611] و پێڕەوە نێو خۆییەکەی[612] دیار دەکرێن[613] و ڕێك دەخرێن[614].

ماددەی (53)

پەرلەمان[615] بێجگە لەو ئەرکانەی بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم پێی دەسپێردرێن ئەم ئەرکانەشی لەسەر شانە:

یەکەم: بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی[616] گەلی کوردستان–عیراق بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی.

دووەم: ڕەزامەندی[617] لەسەر ئەو هەموارکردنە دەستوورییانەی[618] بە پێی[619] ماددەی (120/چوارەم)ی ئەم دەستوورە پێشنیاز دەکرێن.

سێیەم:

---

611 پەرڵەمان
612 نێوخۆییەکەی
613 دیاریدەکرێن
614 رێکدەخرێن.
615 پەرڵەمان
616 چارەنووسسازەکانی
617 رەزامەندی
618 دەستوورییانەی
619 بەپێی

1- دانانی یاسا لە هەرێمی کوردستان، کە هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانیش دەگرێتەوە لە هەموو پرسێکدا، جگە لەو پرسانەی بە تەواوی دەکەونە نێو دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەتی[620] (حصری ) دامودەسگاکانی[621] فیدڕاڵی کە بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵی پێیان دراوە.

2- بڕیاردان لەسەر کارپێکردنی یاسا فیدراڵیەکان لە هەرێمی کوردستاندا و هەموارکردنی جێبەجێ کردنیان ، ئەمەش بە یاسایەك دەبێ[622]، جگە لەو یاسایانەی کە بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵی بە تەواوی دەکەونە بەر دەسەڵاتە تایبەتیەکانی (حصری) دامودەسگاکانی[623] دەوڵەتی فیدراڵ ، کە لەگەڵ کارپێکرانیان بەپێی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵی، لە کوردستانیش جێبەجێ دەکرێن.

چوارەم: گرتنەبەری ڕێکاری تۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان جێگرەکەی بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای شکاندنی سوێندی دەستووری، یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستوور، یان خیانەتی گەورە.

---

620 تایبەتیی
621 دامودەزگاکانی
622 دەبێت
623 دامودەزگاکانی



پێنجەم: متمانەدان بە وەزارەت و ئەندامەکانی یان لێوەرگرتنەوەیان. متمانەوەرگرتنەوەش لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان[624] ولە[625] وەزیریش بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان دەبێت.

شەشەم: چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان، بەپێی یاسا و ڕێکارەکانی پێڕەوی نێوخۆی پەرلەمان[626].

حەوتەم[627]: پەسەندکردنی بوودجەی گشتی هەرێمی کوردستان و ژمێرکاریی کۆتایی وگواستنەوە[628] لە نێو دەروازەکانی بوودجەداو[629] بڕیاردان لەسەر ئەو خەرجیانەی لە بووجەدا نەهاتوون.

هەشتەم: پەسەندکرنی پلانە گشتیەکانی پەرەپێدان.

نۆیەم: دانانی باج و رەسمەکان و هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەیان، یان لێخۆشبوونیان.

---

624 پەڕلەمان
625 و لە
626 پەڕلەمان
627 هەفتەم
628 و گواستنەوە
629 بوودجەدا و

دەیەم: بڕیاردان، بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئامادەبووان، لەسەر دروستی ئەندامەتیی[630] لە پەرلەمان[631] دەکرێ[632]. ئەم بڕیارەش دەکرێ[633]، لە ماوەی سی (30) ڕۆژ لەدوای دەرچوونیەوە[634]، تانووتی لێ بدرێ[635] لەبەردەم دادگای دەستووریی هەرێمەوە.

یازدەم[636]: دانانی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان[637] و دیارکردنی میلاکی فەرمانبەرەکانی و خەملاندنی بوودجەکەی ودامەزراندنی[638] فەرمانبەرەکانی و دیارکردنی[639] مووچەکانیان.

دوازدەم[640]: پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان[641] و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

630 ئەندامێتی

631 پەڕلەمان

632 دەکرێت

633 دەکرێت

634 دەرچوونییەوە

635 بدرێت

636 یازدەیەم

637 پەڕلەمان

638 و دامەزراندنی

639 دیاریکردنی

640 دوازدەیەم



سێزدەم[642]: پەسەندکردنی پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستووریی هەرێمی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی.

چواردەم[643]: پەسەندکردنی پاڵاوتنی سەرۆکەکانی ئەو دەستە و کۆمسیۆنە[644] سەربەخۆیانەی کە لەماددەی (107)ی ئەم دەستوورەدا دەقنووس کراون، بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی.

ماددەی (54)

بەدەر لە حوکمی بڕگەی (حەوتەم[645])ی ماددەی (65)، کە لەم دەستوورەدا هاتووە، پەرلەمان[646] بۆی نیە واز لە دەستەڵاتەکانی یاسادانانی خۆی بێنێ[647].

ماددەی (55)

641 کاتییەکان

642 سێزدەیەم

643 چواردەیەم

644 کۆمیسیۆنە

645 هەفتەم

646 پەڕلەمان

647 بهێنێت

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان[648] پارێزراوەیی (حصانە)ی پەرلەمانی[649] هەیە و بۆی هەیە لەو سنوورەی کەلە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا[650] هاتووە بە ئازادی قسە بکات.

دووەم: بە ڕەزامەندیی[651] پەرلەمان[652] نەبێ[653]، نابێ ئازادیی ئەندامی پەرلەمان[654] کۆتبەند بکرێت، یان چاودێری[655] بخرێتە سەر.

سێیەم: ئەندامی پەرلەمان[656] لە خولی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا[657] نابێ[658] لەهیچ لایەنێکەوە، بەبێ ڕێگە پێدانی[659] پێشتری پەرلەمان[660]، ڕاوە

648 پەڕڵەمان

649 پەڕڵەمانیی

650 پەڕڵەماندا

651 ڕەزامەندیی

652 پەڕڵەمان

653 نەبێت,

654 پەڕڵەمان

655 چاودێریی

656 پەڕڵەمان

657 پەڕڵەماندا

658 نابێت

659 ڕێگەپێدانی

660 پەڕڵەمان



دوو[661] بنرێ[662] یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ[663]، یان خۆی، ماڵی یان نوسینگەی بپشکێندرێ[664]، مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بەئاشکرادا بگێرێ[665].

چوارەم: نابێ[666] ئەندامی پەرلەمان[667] لەدەرەوەی خولی کۆبوونەوەی پەرلەماندا[668] لە هێچ[669] لایەنێکەوە بەبێ ڕێگە پێدانی پێشتری پەرلەمان[670] ڕاوەدوو[671] بنرێ[672] یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ[673] یان خۆی، ماڵی یان

661 راوەدوو

662 بنرێت

663 بکرێت

664 بپشکندرێت,

665 بگیرێت.

666 نابێت

667 پەڕڵەمان

668 پەڕڵەماندا

669 هیچ

670 پەڕڵەمان

671 راوەدوو

672 بنرێت

673 بکرێت

نووسینگەی بپشکێنرێ[674]، مەگەر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکی بەئاشکرادا بگێرێ[675].

ماددەی (56)

یەکەم: پەرلەمان[676] بۆی هەیە بە ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی[677] ئەندامانی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە[678].

دووەم: پەرلەمان[679] لەم حاڵەتانەی[680] خوارەوەدا بەمەرسوومێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە:

1– ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە[681].

---

674 بپشکندرێت

675 بگیرێت

لەڕاستیدا ئەم دوو برگەیە دەکرا بکرایە بەیەك و لەسەرەتاکەیدا بگووترایە ئەندامی پەڕڵەمان لە خولی کۆبوونەوەکانی پەڕڵەمان و دەرەوەیدا... چونکە ئەوانی تر هەموویان دووبارەن.

676 پەڕڵەمان

677 دوو بۆ سێی

678 هەڵبوەشێنێتەوە.

679 پەڕڵەمان

680 بارودۆخانەی

681 لە کارکێشایەوە.



2– ئەگەر شەست ڕۆژ پاش بانگهێشتنی بۆ کۆبوونەوە لە دوای هەڵبژاردنیدا نیسابی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی تەواو نەبوو.

3– ئەگەر متمانەی نەدا بە سێ کابینەی پێشنیازکراوی وەزاریی جیاوازی یەك لە دوای یەکدا.

ماددەی (57)

ئەگەر پەرلەمان[682] هەڵوەشایەوە یان خولی هەڵبژاردنیی[683] تەواوبوو، مەرسوومێك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ودیارکردنی[684] ڕۆژی ئەنجامدانی لەماوەی پازدە ڕۆژ لە هەڵوەشانەوەیدا، یان بەلای کەمی[685]، نەوەد ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بە مەرجێك ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردن لە نەوەد ڕۆژی دوای هەڵوەشاندنەوەی تێپەڕنەکات، یان دەبی[686] لە ماوەی نەوەد ڕۆژ پیش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بێت.

---

682 پەڕڵەمان

683 هەڵبژاردنی

684 و دیاریکردنی

685 بەلایەنی کەمەوە,

686 دەبێت

لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دەستوورەدا, هەستی ئەوەم هەبوو کە ئەوەی تێکستەکەی تایپکردووە راویانناوە! یان زۆر گوێی بەخاڵبەندیی کوردی نەداوە, یان هەر نەیزانیوە چییە!. لێرەدا لەجیاتی هەفتێك بچێتە سەر یاکە, نیشانەی شەددەی عەرەبیی خستۆتەسەر.

ماددەی (58)

ئەگەر پەرلەمان[687] بەپێی[688] حوکمی ماددەی (56)ی ئەم دەستورە[689] هەڵوەشایەوە یان خولەکەی تەواوبوو، و نەش تواندرا هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێ[690]، یان لەبەر هەلومەرجێکی دژوار، دوا کەوت، پەرلەمان[691] دەمێنێتەوەو[692] لەسەر ئەرکو[693] دەسەڵاتە دەستووریەکانی[694] بەردەوام دەبێ[695] هەتا پەرلەمانێکی[696] نوێ هەڵدەبژێردرێو[697] یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێ[698]. کارکردن بە

687 پەڕلەمان

688 بەپێی

689 دەستوورە

690 بکرێت,

691 پەڕلەمان

692 دەمێنێتەوە و

693 ئەرك و

694 دەستوورییەکانی

695 دەبێت

696 پەڕلەمانێکی

697 هەڵدەبژێردرێت و

698 دەبەستێت



مەرسوومی هەڵوەشاندنەوەکەش، هەتا هەڵبژاردنی پەرلەمانی[699] نوێ، بە هەڵپەسێردراو دادەندرێت.

بەشی دووەم

دەسەڵاتی جێبەجێکردن[700]

ماددەی (59)

دەسەڵاتی جێبەجێکردن[701] لە: سەرۆکایەتی[702] هەرێمی کوردستان وئەنجومەنی[703] وەزیران پێکدێ[704] و دەسەڵاتەکانیشیان بەپێی[705] دەستوورو[706] یاسا پیادەدەکەن.

یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ماددەی (60)

699 پەڕلەمانی

700 جێبەجێکردن

701 جێبەجێکردن

702 سەرۆکایەتیی

703 و ئەنجوومەنی

704 پێکدێت

705 بەپێی

706 دەستوور و

یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنو[707] فەرماندەی گشتیی هێزەکانی زێرەڤانی[708] هەرێم (پێشمەرگە)یەو[709] لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا نوێنەرایەتیی گەلی هەرێم دەکاتو[710] هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵیو[711] دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکا[712].

دووەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ[713] کە هاوکاریی دەکا[714] لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا ولەکاتی[715] ئامادەنەبوونیدا

---

707 جێبەجێکردن و

708 زێرەڤانیی

709 (پێشمەرگە)یە و

لەڕاستیدا باشتر و جوانترە ناوی هێزی چەکدار, سوپا یان ئەوەی کراوەتە زێرەڤانی هەر بە پێشمەرگە بمێنێتەوە, چونکە پێشمەرگە ناوێکی پڕاوپڕی هێزی چەکداریی کوردە و لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستانیش وەك سوپای کورد ناسراوە.

710 دەکات و

711 فیدڕاڵی و

712 دەکات.

لێرەدا دەبێت بزانرێت مەبەست لەو هەماهەنگییە چییە. ئایا وەك هەڕەشەیەکە بۆسەر دەستەڵاتەکانی فیدڕاڵ یان چ مەبەستێکی تر لە هەماهەنگیدا هەیە.

713 هەڵدەبژێرێت



جێی دەگرێتەوەو[716] جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی زێرەڤانی[717] هەرێم (پێشمەرگە) دەبێ[718]، بە مەرجێك ڕەزامەندی[719] پەرلەمان[720] بەدەست بهێنێ[721] بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی.

ماددەی (61)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانی گشتیی، نهێنیی، ڕاستەوخۆوە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێ[722]، بەو شێوەیەی کە یاسا دیاریی[723] دەکا[724].

---

714 دەکات

715 و لەکاتی

716 دەگرێتەوە و

717 زێرەڤانیی

718 دەبێت,

719 ڕەزامەندیی

720 پەرڵەمان

وشەی پەرڵەمان لەم دەستوورەدا بەم جۆرانە نووسراوە: پەرلەمان, پەرڵەمان و پەرڵەمان. لیژنەی پێکهێنان و پێداچوونەوەی دەستوور دەبێت بزانێت ناوی دامەزراوەکەی خۆی کە پەرڵەمانە, چۆن دەنووسرێت!.

721 بهێنێت

722 هەڵدەبژێردرێت,

723 دیاریی

ماددەی (62)

سەرۆکی هەرێم، یان جێگرەکەی لەسەر پۆستەکەی لادەبرێ[725] ئەگەر دادگای دەستوری بەتاوانکاری دانا[726] لە ئاکامی تۆمەتبارکردنیەوە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی[727] ئەندامانی پەرلەمانی[728] کوردستان–عیراق، بەشکاندنی سوێندی دەستوریی[729] یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستور[730]، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە.

ماددەی (63)

سەرۆکی هەرێمی کوردستانو[731] جێگرەکەی پێش دەست بەکاربوونیان، لەبەردەم پەرلەمانی[732] کوردستاندا ئەم سوێندە دەستوریە[733] دەخۆن: ([734]

---

724 دەکات

725 لادەبرێت,

726 ,

727 دوو بۆ سێی

728 پەڕلەمانی

729 دەستووری

730 دەستوور

731 کوردستان و

732 پەڕلەمانی

733 دەستوورییە



بەخودای[735] گەورە سوێند دەخۆم کە مافو[736] دەسکەوتەکانو[737] یەکیەتیو بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان–عیراق بپارێزمو ئەرکوفەرمانەکانم[738] بەڕاستیو[739] دڵسۆزی بەجێ بگەیەنمو[740] پابەندی دەستوری هەرێمی کوردستان بم).

ماددەی (64)

ماوەی ویلایەتی[741] سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، کە لە ڕۆژی سوێند خواردنی دەستوریەوە[742] دەستپێدەکات، ودەکرێ[743] بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵ بژێردرێتەوە[744]، لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە[745].

---

734 لێرەدا کەوانە ماتماتیکییەکە دانەنراوە, بەڵام لەپێش وشەی بەخودادا بۆشاییەکی ناپێویست هەیە.

735 مەرج نییە سەرۆکی هەرێم یان جێگرەکەی باوەڕی بە خودا هەبێت. دەشێت کەسانێکی ئاتەییست بن. لەبەرئەوە ئەم سوێندە هەڵەیە.

736 ماف و

737 دەستکەوتەکان و

738 ئەرك و فەرمانەکانم

739 بەڕاستی و

740 بگەیەنم و

741 فەرمانڕەوایی

742 دەستوورییەوە

743 و دەکرێت

## ماددەی (65) [746]

744 هەڵبژێردرێتەوە,

745 لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە وەك بڵێیت لەبەر خاتری سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان "مەسعود بارزانی" دانراوە, بەپێی ئەم بڕگەیە نێوبراو بۆی هەیە سێجار ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان, واتە بۆ ماوەی دوازدە ساڵ. دەبووایە دەستەواژەی "لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە"ی نەخرایەتە سەر و ئەو چوارساڵەی سەرۆکایەتییی ڕابردووی بۆ بژمێردرایە. ئەمە نابێتە هۆی بەرپەرچدانەوەی ڕێسا گشتییەکانی یاسا, چونکە دەکرێت یاسایەکی نوێ دەربچێت و بەسەر ڕووداوە کۆنەکانیشدا بچەسپێت, وەکو ئەوانەی بەسەر باجەکاندا هەر لەم دەستوورەدا هاتووە.

شایانی باسە ئەو وڵاتەی ئێمە هەر لە شەستەکانەوە بەدەست مۆنۆپۆلکردنی سەرکردایەتییەوە دەناڵێنێت, کە بووەتە سەرچاوەیەکی گەورەی گەندەڵی لە کوردستاندا. سەرۆك یان سکرتێر تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت هەر سەرۆك و سکرتێرە. دەبووایە لەم بڕگەیەدا نوێکردنەوەی تێدا نەبووایە و سەرۆکی هەرێم تەنها بۆ ماوەی چوار ساڵ فەرمانڕەواییی بکردایە.

746 بەپێی ئەم مادەیە سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێك دەستەڵاتی واهیی پێدراوە کە هەر لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا هەیە. پێویستە باشتر ئەم مادەیە بنووسرێتەوە و سەرۆکی هەرێم لە هەرێمی پەرڵەمانیدا دەبێت زۆرتر پۆستێکی تەشریفاتی بێت و زۆرینەی دەستەڵاتەکان لای ئەنجوومەنی وەزیران و



سەرۆکی هەرێم سەرەڕای هەر دەسەڵاتێك کە بەیاسا پێی بدرێ[747] ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەش پیادە دەکا[748]:

یەکەم: پێشکەش کردنی[749] پرۆژەی یاساو[750] بڕیارەکان بۆ پەرلەمانی[751] هەرێمی کوردستان.

دووەم: دەرکردنی ئەو یاساو[752] بڕیارانەی کە پەرلەمانی[753] کوردستان دایاندەنێ[754]، لەماوەی پازدە ڕۆژ لە وەرگرتنیەوە، بۆشی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەربڕێو[755] بیان نێرێتەوە بۆ پەرلەمان[756] بۆ چاو پێداخشاندنەوەیان، و دواتر بڕیاری پەرلەمان[757]

پەرڵەمان بێت. لەم دەستوورەدا سیستمی پەرڵەمانی و سەرۆکایەتی زۆر خراپ ترشێنراوە بەسەریەکدا.

747 بدرێت

748 دەکات:

749 پێشکەشکردنی

750 یاسا و

751 پەرڵەمانی

752 یاسا و

753 پەرڵەمانی

754 دایاندەنێت,

755 دەرببڕێت و

756 پەرڵەمان

لەبارەیانەوە بنبڕ دەبێ[758]، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاساو[759] بڕیارەکانی دەرنەکرد، بێئەوەی[760] ناڕەزاییان لەسەر دەربڕێ[761]، ئەوا بەدەرچوو دەژمێردرێنوسەرۆکایەتی[762] پەرلەمان[763] بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا[764] لەئەستۆدەگرێت.

سێیەم: دەرکردنی مەرسوومێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان[765]، لەکاتی هەڵوەشانەوەی یان تەواوبوونی خولەکەیدا، ئەمەش بەپێی[766] ماددەی (57)ی ئەم دەستوورە.

چوارەم: دەرکردنی مەرسومێك[767] بۆ بانگهێشت کردنی پەرلەمان[768] بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لەماوەی پازدە ڕۆژ

757 پەڕڵەمان

758 دەبێت

759 یاسا و

760 بێئەوەی

761 دەربڕێت

762 دەژمێردرێن و سەرۆکایەتیی

763 پەڕڵەمان

764 فەڕمیدا

765 پەڕڵەمان

766 بەپێی



دوای ڕاگەیاندنی دوائەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر بانگهێشت کردنەکەشی نەکرد، پەرلەمان[769] ڕۆژی دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە سەربەخۆ کۆدەبێتەوە[770].

پێنجەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان[771]، لەو حاڵەتانەی[772] کە لەم دەستوورەدا هاتوون.

شەشەم: دەرکردنی مەرسومێك بۆ لەسەر کار لابردنی وەزیر، لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

حەوتەم[773]: دەکردنی ئەو مەڕسومانەی کە هێزی یاساییان هەیە، ، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو[774] ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی

767 هەر لەم مادەیەدا و لە بڕگەی سێیەم, وشەی مەرسوم بە دوو "و" نووسراوە ! کەچی لێرەدا یەك دانەیە.

768 پەڕڵەمان

769 پەڕڵەمان

770 واتە سەرۆك بلێت یان نا, ئەوان کۆبوونەوەی خۆیان هەر دەکەن, ئیتر دەبێت بوونی ئەم بڕگەیە جگە لە واتا تەشریفاتییەکەی چ واتایەکی ببێت!.

771 پەڕڵەمان

772 بارودۆخانەی

773 هەفتەم

774 پەڕڵەمان و

کوردستانو[775] سیستمە سیاسیەکەی[776]، یان ئاسایشی، یان دەموودەزگا دستووریەکانی[777] کەوتنە بەر مەترسیەکی[778] لەناکاوو[779] پەرلەمانیش[780] نەیتوانی کۆبێتەوە، ، بەمەرجێك ئەو مەرسومانە بخرێنە پێش چاوی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان[781]، ئەگەر نەش خرانە بەرچاوی پەرلەمان[782]، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان[783] و ئەویش پەسەندی نەکردن، ئاکاری یاساییان نامێنیٚ[784].

هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی، پاش راوێژکردنو[785] رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو[786] سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەحاڵەتی[787] شەڕ،

775 کوردستان و

776 سیاسییەکەی

777 دەستوورییەکانی

778 مەترسییەکی

779 لەناکاو و

780 پەڕلەمانیش

781 پەڕلەمان

782 پەڕلەمان

783 پەڕلەمان

784 نامێنێت

785 راوێژکردن و

786 پەڕلەمان و



داگیرکردن، یاخیبوون، ئاژاوە، کارەساتی سروشتی، یان بلاوبوونەوەی پەتادا، یان هەر حاڵەتێکی[788] لەناکاوی دیکەدا، بەمەرجێك ماوەکە لە مانگێك پتر نەبیٚو[789] درێژکردنەوەی دواتریش بەڕەزامەندی[790] زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانو[791] بۆ ماوەیەك دەبیٚ[792] کە بۆ هەر درێژکردنەوەیەك، لەسیٚ مانگ تێنەپەڕیٚ[793]. حوکمەکانی حاڵەتی[794] نائاساییش بەیاسایەك رێکدەخرێن.

نۆیەم: لێبوردنی[795] تایبەتی[796] زیندانیان بەدەرکردنی مەرسومێك بەپیٚی[797] یاسا.

دەیەم: پەسەندکردنی حوکمی ئیعدام[798] یان سوککردنی[799] بۆ زیندانی هەتاهەتایی.

787 لەکاتی

788 بارودۆخێکی

789 نەبێت و

790 بەڕەزامەندیی

791 پەڕلەمان و

792 دەبێت

793 تێنەپەڕێت

794 بڕگەکانی بارودۆخی

795 لێبووردنی

796 تایبەتیی

797 بەپێی

یازدەم[800] : بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی[801] وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەکاتی پێویستدا بۆ باسکردنی هەندێ[802] پرسی دیارکراو کە کۆبوونەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێ[803]، هەر بۆخۆشی سەرۆکایەتی[804] کۆبوونەوەکە دەکا[805].

دوازدەهەم[806]: ڕێگەدان بە هاتنی بەشێك لە هێزە چەکدارە فیدراڵیەکان[807] بۆ کوردستان–عیراق لە کاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی[808] پەرلەمانی[809] کوردستان–عیرق[810] لەسەر هاتنە ژوورەوەی

---

798 لەسێدارەدان

799 سووککردنی

800 یازدەیەم:

801 ئەنجوومەنی

802 هەندێك

803 دەدرێت,

804 سەرۆکایەتیی

805 دەکات.

806 دوازدەیەم:

807 فیدراڵییەکان

808 رەزامەندیی

809 پەرڵەمانی

810 عیراق



ئەم هێزانە لەگەڵ دیارکردنی[811] ئەرکو[812] فەرمانیانو[813] جێگاو ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا[814].

سێزدەم[815] : ناردنی هێزەکانی زێرەڤانی[816] هەرێم (پێشمەگە) یان هێزەکانی ئاسایشی[817] ناوەخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندی[818] پەرلەمان[819].

---

811 دیاریکردنی

812 ئەرك و

813 فەرمانیان و

814 ئەم بڕگەیە یەکێکە لە بڕگە خراپەکانی ناو ئەم مادەیە. دەبێت "کاتی پێویست" بەتەواوەتی دیاری بکرێت بۆ هاتنەناوەوەی هێزەکانی فیدراڵی. هەروەها ئایا کاتی پێویست, حکومەتی هەرێم دیاریی دەکات یان حکومەتی ئێراق, ئەمەشیان پرسێکی زۆر گرنگە.

815 سێزدەیەم

816 زێرەڤانیی

817 ئاسایيشی

818 بەڕەزامەندیی

819 پەرڵەمان

لێرەدا رەزامەندیی پەرڵەمان دیارینەکراوە و پێشتریش پێناسەی بۆ نەکراوە, ئایا مەبەست لە زۆرینەی رەهایە یان دوو بۆ سێ. رەزامەندیی پەرڵەمان پێویستە پێشتر دیاری بکرێت کە ئەویش بەزۆری, زۆرینەی رەهایە.

چواردەم[820]:

